# فرمێسکی زووخاو

## هۆشکار

کۆکردنەوە و ئامادەکردن
هۆشمەند رەفیق

- ❖ ناوی شاعیر: ڕەفیق ئیبراهیم بیستانەیی
- ❖ نازناو: هۆشکار
- ❖ کۆکردنەوە و ئامادەکردن: هۆشمەند ڕەفیق
- ❖ نەخشەسازی بەرگ: د. ئەکرەم فەرەیدون
- ❖ نەخشەسازی ناوەوە: ئاسۆ حسن احمد
- ❖ تایپ: ڕۆژ هۆشمەند
- ❖ ساڵی چاپ: 2020
- ❖ تیراژ: 500 دانە
- ❖ نرخ: (3000) سێ هەزار دینار
- ❖ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، ژمارەی سپاردنی (346)ی ساڵی 2020 پێدراوە.

# پێشەکی

ئەو قۆناغی سەخت و دژواری لە ژیان تێپەڕاندووەو هەورازو نشێوی زۆری بینیوە، هەژاری، ئازارو تاڵی رۆژگار،ئەشکەنجەی بەعس، چەشتنی ئێشی ئەشقی نیشتیمان، غوربەتی و دوور لە خانەوادەو خاکی پیرۆزی کوردستان، بێکەسی لە بیابان، ژیانی کولەمەرگی، لە پەیداکردنی نان بۆ منداڵەکانی، بەڵام هەمیشە بە سەربەرزی ماوەتەوەو هیچ کات شکۆی نەشکاوەو هەردەم خۆی نەچەماندۆتەوە، ئەو لە هەموو وێستگەکانی ژیانیدا بەسەر بەرزی هەنگاوی ناوە، لە پێناوی ئەوەی هەمیشە و هەمیشە شکۆی بە گەورەیی بمێنێتەوەو هەمووان شانازی پێوە بکەین و پێی بڵێن: (ئەوە باوکمانە)، ئەو لە ئەزەلەوە لاپەڕەکانی تەمەنی هیچ پەڵەیەکی ناشیرینی نەچۆتەسەرو بە پاکی ماوەتەوەو دەمێنێتەوە، بە لایەوە ئاسایی بووە، نانێکی سادەو خانوویەکی ساکارو جلێکی پینەی لەبەردابێت، هەرگیز قبوڵی نەکردووە بچێتە بەردەرگای هیچ ناکەس بەچەیەک لە هەموو سەردەمەکاندا، قەناعەتی بە ژیانێکی خاکییانە هەیەو هەردەم روو لە خوایە، هەموو ئەوانەی لە ژیانی خۆیدا بینیویەتی و هەستی پێکردووە، هاتووە بە زمانێکی دیکە لە شێوەی شیعر هۆنیویەتیەوەو دەریبڕیوە، رەخنە لە کۆمەڵگای کوردستان و مرۆڤایەتی دەگرێت، لە هۆنراوەکانیدا ئامۆژگاریمان دەکات بێینە سەر رێگەی راست، پێمان دەڵێت خودا بپەرستن و ببنە موسڵمانی راستەقینەو کردارو گفتارمان وەک یەک بن و دڵسۆزی کوردستان بن و هزری نیشتیمانسازی

له دڵمان دەڕوێنێت تا شانازی بە کوردبوونمان بکەین، کەسێکی دەستپاک، راستبێژ، راسترۆ، کوردپەروەر.

رەفیق ئیبراهیم کە نازناوی شیعری (هۆشکار)ە، لە کۆی هۆنراوەکانی دا لە ماوەی ساڵانی 1969-2015 نوسیویەتی کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی پێش راپەڕین بووە باس لە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ کوردستان، یەگگرتنی کورد، جەژنی نەورۆز، برایەتی، هەژاری و دەوڵەمەندی، ئازاری بەندیخانە، خیانەتی نەتەوەیی و ناپاکی، نەهێشتنی رق و قینە، سۆز، دڵداری) دەکات.

بە شانازییەوە هەوڵمدا کاری کۆکردنەوەی هۆنراوەکان لە ئەستۆ بگرم و وەک ئەمەکدارییەک بە چاپی بگەینم و ئەو خەونەی باوکم بهێنمەدی کە بەشێکی هۆنراوەکانی بکرێنە پەرتوکێکی شیعری و کتێبخانەی کوردی پێی دەوڵەمەند بێت و کە زۆرێک لەم هۆنراوانە لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنمدا لەبەرمکردوون و بوونەتە ئیلهامی داڕشتن و نوسینەکانم، دەکرێت بڵێم هەموو ئەو وتارو پەخشان و نوسینە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە ساڵانی 1996ەوە تاوەکو ئێستا نوسیوومە سەرچاوەکەی لە هۆنراوەکانی باوکمەوە بووە، هیوای تەندروستییەکی باش و تەمەنی درێژی بۆ دەخوازم.

**هۆشمەند رەفیق**

11**ی ئاداری** 2020

# ژیاننامەی هۆنەر



رەفیق ئیبراهیم سێودین ئیسماعیل حاجی، لە ڕێکەوتی (1953/7/1) لە بنەماڵەیەکی هەژاری گوندنشینی گوندی بیستانەی گەورە سەر بە قەزای دەشتی هەولێر- پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.

باوکی کە بە مام برایم سێودینی بیستانەی گەورە ناسراوە لە کۆتایی ساڵانی (1870) لە دایک بووە و لە ڕێکەوتی (1969/10/6) لە سێیەمین ڕۆژی مانگی رەمەزان لە گوندی مورتکەی گەورە کۆچی دوایکردوەو لە گۆڕستانی هەمان گوند نێژراوە.


دایکی ناوی (گوڵان عوسمان عەبدوڵڵا)ەیە لە ساڵی(1919) لە دایک بووە و لە ساڵی (1998) کۆچی دواییکردووەو لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لە شاری هەولێر نێژراوە.

رەفیق ئیبراهیم سێودین لە هۆزی گەردییە، لە قوتابخانەی بیستانەی گەورەی سەرەتایی لە ساڵی 1962 دەچێتە بەرخوێندن تا پۆلی دووەمی سەرەتایی، پاش ئەوەی دەچنە گوندی مورتکەی گەورە، لەو گوندە درێژە بە خوێندنی قۆناغی

ســـەرەتایی دەدات و لە پـــۆلی ســـێیەمی ســـەرەتایی لە وێ دەستپێدەکاتەوە، پاشان دەچێتە قوتابخانەی ناوەندی قوشتەپە و دوو ســـاڵ لەوێ بەردەوام دەبێـــت، هەرچەنـــدە بە هـــۆی چەرمەســـەرییەکانی ژیـــان و رووداوە سیاســـییەکانی ســـەدەی بیســـتەمی رابـــردوو نەیتوانیـــوە بڕوانـامەی بەرز بەدەســـتبهێنێت، وەلـــێ بەهەر جۆرێـــک بـــو بێـــت تـــا پـــۆلی دووەمـــی ناوەنـــدی خوێندووەو بەهۆی بانگکردنی بۆ سەربازی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکـــات لە ســـاڵی 1972 بە زۆر کـــراوە بە ســـەرباز و خوێندنی جێهێشـتووەو شـەش ساڵ لە گوندی مورتکەی گەورە ژیاوە.



ئەو لە رۆژگـارە رەشـەکانی ســـەدەی بیســـتەم لە هەڕەتـــی گەنجییەتیـــــدا لە ســـــاڵانی (1969-1970) هەســـــــتی دانـانی هـۆنراوەی بۆ دروست بـــووە کە ئەو هەســـتەی بـــۆ سـەرەتای وێستگەی خوێندنی پـــۆلی شەشـــەمی ســـەرەتایی دەگەڕێتەوە، (رەفیق ئیبراهیم) پـاش ئەوەی دەسـت بە شـیعر نوسین دەکات، نازنـاوێکی شـیعری بۆ خوی دا دەنێت بەناوی (هۆشکار)، هەرچەندە لە نێو هاوتەمەنەکانی خۆیدا زۆرجار بە (گۆران)، یا (هێمن) بانگکراوە.



بەهـــــــــــۆی ئەوەی لەســـەردەمی شۆڕشـــی ئەیلـول گونـدی بیسـتانەی گەورە بـووە بە پـایتەختی شـــــۆڕش لە دەشـــــتی هەولێـــــــرو زۆربەی هێزەکـــانی پێشـــمەرگەی کوردســـتان لەو گونـــدە بـوونە و خۆشـی هەسـتی کـوردایەتی تێـدابووە وەک هەر کــوردێکی دڵســۆزی ئەوســـــــا، ئەوەش لە شـیعرەکانیدا رەنگیـداوەتەوە، هەر ئەوەش وایکـرد دوای ئەوەی حکـومەتی عێراقـی ئەوسـا پەشـیمان بـوویەوە لە جێبەجێکردنـی رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری مێژوویی لە سـاڵی 1974 ریـزی سـەربازی جێـدەهێڵێت و دەبێـتە پێشـمەرگە لە هێـزی دەشـتی هەولێـر تـا نسـکۆی شـۆڕش بەردەوام دەبێـت و پاشـان وەک عائیـدون دەگەڕێـتەوە و دەبێتە فەرمـانبەری حکـومەت لە سـاڵی 1977 لە فەرمــانگەی تــوێژینەوەی کشــتوکاڵی لە دارســتانی گوندی بیستانەی گەورە سەر بە وەزارەتی کشـتوکاڵ، پاشـان لە سـاڵی 1978 هاوسـەرگیریکردووە لە گەڵ کچێکـی گونـدەکەی خۆی بەناوی خاتوو( غەزال محەمەد ئەمین).



پــاش ئەوەی جــارێکی دیـــکە ڕژێمـــی بەعـــس بانگیدەکاتەوە بۆ سـەربازی، ماوەیەک بەردەوام دەبێت و دووبـــــارە ســـــەربازی جێدەهێڵێت، تا ساڵی 1987 لەو گونــدە ژیــاوە لە ژێــر زەبـــری تـــۆپ و تەیـــارە گونـــــدەکە هاوشـــــێوەی گونـــــدەکانی دیـــــکەی کوردســـتان ڕوخێنـــراوەو بەرهەمـــــی ســــاڵانەی جوتیاریشـــی ســـوتێنراوەو پاشــان لە گونـدێکی نزیکـی بیســتانەی گەورە بە نـاوی (لاجـان) نیشتەجێدەبێت.

جـارێکی دیکە بەهـۆی فشـارەکانی بەعـس و ڕووخانـدنی ئەو گونـدەش، خـانەوادەکەی دەچـنە کـێڵگە پەلەوەرییەکـانی گونـدی گردەڕەشە لە ماڵی خوشکێکی بە ناوی ( زوبێدە) دەبن.



لە بەرەبەیانیەکی زوودا لە ڕێکەوتی (10 شوباتی 1987) هێزێکی جاشی خۆفرۆشی بەعسی کە سەرۆک جاشێکی شاری هەولێری بەناو بانگ بووەو کە ناونیشانیان لە ڕژێمی بەعس بەناوی (مفرزة خاصة) بە پاساوی بوونی وەک (مخريب) دەستگیر دەکرێت و حوکمەکەی سێ ساڵ و نیو بووە و لە بەندیخانەکانی (دائیرەی ئەمنی هەولێر، فەیلەقی پێنج لە هەولێر، پۆلسی هەولێر، ئینزیباتخانەی کەرکوک، حارسییەی بەغدا، ئوم قەسەرو درێهمیە لە بەسرە) زیندانی کراوەو بەشێکی زۆری هۆنراوەکانیشی لەو بەندیخانانە نووسیوەو بە بڕیاری گشتی( عفو عام) لە ساڵی (1988) ئازاد کراوە.

ڕەفیق ئیبراهیم سێودین( هۆشکار) دوای ئەوەی لە ساڵی 1988 ئازاد دەکرێت، لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێکردنی لە شاری هەولێر نابێت، دەبێت بچێتە خانووی کرێ، وەک چۆن ئەو ماوەیەی لە بەندیخانە بووە خانەوادەکەی لە خانووی کرێ دادەبن، بەڵام ئەو دەچێتە کۆمەڵگەی زۆرەملێی (بنەسڵاوە) لەوێ

زەویەک دەکرێت، هەرچەنـدە گوندنشـینەکانی ئەوسـا زەویـان لەلایەن رژێمـی بەعسـەوە بە خۆڕایی پێدەرا، بەڵام لەبەرئەوەی پاشخانی زیندانی هەبووەو گوندەکەیان لە لیستی رەشی بەعسدا بـووە، بـۆیە بێـبەش دەبێـت لە زەوی و بە ناچـاری زەویەک دەکرێت و دەیکاتە خانوو، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە سەرباز تـا راپەڕینـی بەهـاری 1991، پـاش ئەوەی رژێمـی بەعـس دەزگـاو ئیدارەی خۆی کێشایەوە، ئەویش ناچێتەوە سەربازی و خەریکی کارکردن دەبێت بۆ بەڕێوەچوونی گووزەرانی خـانەوادەکەی لە رێگەی وەستای کارەبایی کە خەڵێکی زۆر ئەو کـاتە خـانوو لەو کۆمەڵگـا زۆرەملێـیە دروسـت دەکەن، پاشـان دەگەڕێـتەوە سـەر دەوامـی فەرمـی خـۆی وەک فەرمـانبەر لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ-(فەرمـــانگەی فێتەرنـــەری بنەســـڵاوە). لە ســـەردەمی شـــەڕی ناوەخۆشـدا کـاری بەقـاڵی و جوتیـاری کـردووە و دواجـار لە ساڵی (2000) خۆی خانەنشین کردووە و بەردەوام بـووە وەک وەسـتای کارەبـایی. رەفیـق ئیبـراهیم، ئێسـتا تەمەنـی گەیشـتۆتە (67) ساڵ، سەرتاپای ریش و سەری سپی بووە، دایک و باوکی لە ژیاندا نەماوە، دوو خوشک و برایەکی هەیەو لە ژیاندا مـاون، کچێکـی تاقـانە و شـەش کـوڕی هەیەو دوو کوڕیشـی کـۆچی داوییکـردووە یەکیـان لە تەمەنـی سـاوایی بە هـۆی نەخۆشـی و ئەوەی دیکەش لە تەمەنی منداڵی دا کە لە کۆڕەوی ساڵی 1991 بە هۆی برسییەتی لە رێگەی هاتنەوەی بۆ شاری هەولێر کۆچی دوایـی دەکـات کە ئەو کـات خـۆی لە سـەربازی دەبێـت کاتێـک خانەوادەکەی لە 31ئاداری 1991 بەرەو ئێران دەچن.



ســـــەرەتا نـــاوی خـــــــودایە دەســـــــــت پێکـــــراوە

بـــا بنوســـم بــۆت چـــــــەند دێـــڕ هۆنـــــــــــراوە

خــــــــــودایە پێشـــــــــڕەوی هەمـــــوو چشـــــــــت

قورئـــــان ڕێنمـــایی و محمـــد (د.خ) بۆمـــان نێـــرراوە

# من بیستانەم

ئـــەو دێـــیە، ئـــەو پێـــگەیەم لە دایـــکی خـــاکی کوردســتانم
هاوشــێوە مەکــۆی، کۆشـــەری کــۆن و نــوێی کــورد ویســتانم
خـوێنی منـیش پشـکە، لە دەریـــای بەخششــی خـوێن دلێــرانم
خـاپورە نیشـتگەو جوبـارو پیرۆزیـی، هەر چشـــــتە وێــرانم
خامۆشـی بە هەشـتە چەندین جەستە، لە ئارامـــگەو گۆڕستانم
هـاواری منـیش ئـاوێتە بڵنـدگۆی، شـــکۆی بێدەسـتە وەسـتانم
لە دەستپێکی تێکۆشان پەرێشان، کۆن و نوێ تا ئێستەی ئێستام
گەواهیدەرن شـەهیدانم، زوبانم لە ڕستەو هەڵوێستەی ئێـستام
دوو شەهیدی جمکە شـــەهید(عـەلی و مامەند) بێتاوان بوون دیل
گولله باران پیشەی جارانیان رابردوو بە زریپۆش دەبابە و زیل
بە تۆپە دورهـــــاوێژە قینە دڵ ئاســـــــا نەفـــــرەتی ئیبـــلیس
هۆی شەهیدی جوانەمەرگ(خـــالید) ساتە وەختێـــکی نەگریس
ناچێ لە یاد ئازایەتی شەهید (عەبـــــدۆ) پابەندی ناخی سـەنگەر
شــەهیدی لاو(ســەدیق)خوێن و خـود بەخـش گەواهـی ســەنگەر
منـــیش بێــبەش نـــیم لەکــۆزامی بەناکــامی فــڕۆکە و ناپـــالم
دارو ئاو و چەم ڕما مزگەوت هیچی نەما، پەناگە، حـــــەوداڵــم

---

لەسـەر لوتـکەی بەرزی خـەیاڵاوی پـڕغـەم
وەکو کێوی بڵند تاری پۆشـراو بەفری ماتـــەم
لە شەپۆلی دووکەڵاوی هەناسەی بێ ئومـــێدیم
نوسراوە بەبەختم کەبەندم، لەبەندم ئەوســـاتەم

- **لە ساڵی 1987 نوسراوە**

نێچیــره بــێ دەســت بــۆ بە دەســت وەک گــورگی برســی
لە هــــەرکۆێ بــێ لــەحــاڵ و گــــووزەرانی نەپــرســی
کە ڕووی وەرگێـــڕا بەهەل دەزانـــێ، خـــۆی تێـــــکا
تـــاوانی وا دەکـــا،بمێنێ دەســـتەو خـــۆی و کـــــورسی

---

یادداشـــت لـــــە ژینـــی ئەزەل بـــەدوای مـــــردن
ســـەربەرزییە بـــۆ خـــاوەنی بە چاکـــــە نـــاو بـــردن
وەک نێرگـــزو بەیبـــوون، گوڵـــەباخ یـــا مێخـــــەک
بـــۆ مـــــرۆڤ وان هـــونەرو ئەدەب نەبـــــەردن

---

گەنـــجە بەژن ڕێـــک وپێـــک، نەونەمـــامی پێـــگەیوو
لە تاریکـــایی چـــڕژاو ســـیس و بە ئـــاوات نەگەیـــوو
کە گـــوڵ لە باخـــا تێنـــو بـــۆ ئـــاو پەریشـــان
نەدیـــووە هەتـــاو لـــێ شـــراو، لە ژیـــن تێگـــــەیوو

- **لە شەوی** 1987/½ **نووسراوە**

هەمـــــــوو كەس دڵشـــــاد بـــوون بـــۆ منـــيش بـــووا
عـــــاشـــــــــقی خـــــــــودام بونيـــــــــيەم وا ڕوا
ســـــــــــوپاس بـــــۆ تـــــۆ دانەری عـــــــــــــالەم
بەشـــــــی بـــــێ بەشـــــم، بـــــدە ئـــــــــــارەزووم دەوا

---

تەمەنـــــم ڕۆيـــــی گەيشـــــت كە بـــــوو بە ســـــی و چـــــوار
هيشـــــتا نەمـــــديووە بەنـــــديی وا پـــــــــــۆڵا ديـــــوار
لە خـــــوا ترســـــام بكـــــوژم ســـــەربازيم جێهـــــێشت
گيـــــرام بە دەســـــت خـــــۆفرۆش ی پـــــێ چـــــــــــوار

- **لە** 1987/2/10 **نووسراوە**

---

رۆژێ لـــــــــــــــە رۆژدا رۆژی رۆژكـــــــــــــــــردەوە
چێـــــژی لە مێـــــژی گێـــــژی دژ كـــــــــــــــردەوە
نەوێســـــتا هەســـــــــتا لە مەســـــــت پەســـــــت بـــــوو
كە ئێســـــتا وێســـــتا، لە دەســـــــــتا بەســـــــت بـــــوو

---

كارەســـــــــــــاتی ژيـــــــــن تـــــــــۆی وورد، وورد بەرەوە
لە بەرزی ونەوی زەمـــــــــين هەمـــــــــــووی گـــــــــــرەوە
كـــــــــێ دەردەچـــــــــێ لەو مەرجە لە غەيـــــــــری ووريـــــا
ئەوی دڵخـــــــــــۆشە بێهۆشـــــــــە، شيـــــــــــكەرەوە

---

هەرکە دەکـــا باســـی چـــاوی مەســـت، ئـــارەزوو و هەوەس
رۆژنـــامەیە  لای نەنگـــی خــــــەڵک ومــــەی و نـــــەوس
نـــا گـــوزەرێ بە ئەندێشـــەیدا پەنـــــا بە خــــــــــوا
خەریکـــی فەحــــــش و نیفــاق یــا ریبــــــا کــــــــەوس

---

هەرچــــیم لێبـــــــکەی ویســــــت وپەرستــــــگەی مـــــــنی
خـــالــــــقی بــــونیەم هـــــاناى ژيـــن وبژێـــودەی منـــــی
هـــــۆی زانـــــــــست وژیــــریم لە نەبـــــون وبــــــوون
( رب الأعلــــی واحــــــد القهــــــار ) تــــــۆ رووگەی منـــــی

---

بەهـــــارە گـــــوڵ ســــــەراپا جـــوانی زەوی پۆشــــــــــیوە
کەژێکـــی تـــاکە ســــەرکەژە، خـــوا بە بەنـــدەی بەخشـــیوە
گوڵســـــتانی بـــــاغەوان بـــــوو بە ســـــەیرانگای لاوەکــــــــان
شــــایی، زەماوەنـــد، ســــازە نـــاخی گـــوڵزاری جۆشـــیوە

---

دونیــــا بەهـــارە گژوگیـــاودار نەمـــــامی ناســــــــــــک
کەســـک هەڵـــگەڕاو بە قــۆپەن دەغــر ئەو باســـک و باســـک
ڕۆژی تەیـــرو ئاژاڵـــــە جـــوان کـــاری ئاســـــــــــــک
دەڕۆن و دەخـــــۆن گیـــاو گـــۆڵی تەڕی ناســــــــــــک

---

پێشـــــکەش دەکــــا دڵ دڵـــــدار بــــۆ دڵــــــــــــدار
شـــــەربەت وگـــــولاو شــــیرینی بـــێ شــــــــــومار
دڵـــــداری مـــــن غەم فرچـــــک پـــێ گرتــــــــــووم
لە ترســـــی تـــــۆیە، بەخشـــــینم قوربـــــانتم کردگــــــار

---

لە تــــــاڵ و شـــــیرینی گـــــــەردوون، پڕمـــــــــانا
یەزدان لە جـــــوانی بـــــێ وێنـــــــەی دانـــــــــــا
چ خۆشـــــە لە ژیــــان بـــــرای شیـــــــــــــــرینم
بـــــژی ئـــازاد بــــی، ســــەیر لە باغــــی زانـــــــــا!

---

هەرزەکـــارم بەدەن چوســـــت، پێخوســـــت بـــووم ئـــاخ !
نەمبـــوو دڵشـــــــــادی لە غەیـــری تەنیـــایی بـــێ زاخ
گـــوڵی شـــەکاوەی ژیـــان، خـــونچەی بـــــا بـــردووم
مـــوی ســـپی کپـــی، ڕوا بەگیـــانم چەســـپیوە بە نـــــاخ

---

بەهـــــار بـــۆ زەوی بـــــوژانی درەخـــــت و گیـــــایە
ڕەنگـــــــــی زەوی نیشـــــــــانەی خـــــــــــــوایە
بولبـــــول لەســـــــەر گـــــــوڵی باخەکــــــان بە ســــــەما
دەخـــــــوێنێ دەفـــــــڕێ ئـــــــازاد، بەڕەڵا تیـــــــــــایە

---

دانەری دەریـــــــا و گەردوون، بەگشـــــــت شوناســـــــنامە
هەرچـــــی فەرمـــــــووی بـــوو، نوسیــــــــیەوە خـــــامە
هەمـــــوو بەدەنـــــێ دەبـــــێ بچێـــژێ تـــــامی مـــــــــــردن
لەو کـــــاتە کە بـــــووی دانــــرا ڕۆژانە، کـــــرا بەرنـــــــامە

---

له ناو گێژەڵوکی تەم کە هەم
له شالاوی رۆژگاری چەتون پڕماتەم
لەبەندە پەسندی، کردگاری بێ هاوتا
ناساندی پێم بەدی، کە لێی هەڵاتم

---

لەم ژینە تاڵە لە بەختی رەشم
وەک کوردە کەوا منیش بێ بەشم !
ووچانم نادا لەم ژینەم پەرۆش
بێ بەش لەخۆشی هەتاوی گەشم

- **مەبەست بەندیخانەیە**

---

لەدونیا هەرچەند زانا وهۆشیارو ژیر بژی
رۆژێ دادێ زۆرداری خوێن لەجەستەت بمژی
لەوکاتە خەیاڵێ بەمێشک خۆش دادێ
بۆ کێ دەچی یاسایکە بەمستە کوڵە وا دەژی

---

جیهان بەهەشتێکە لە خەلقەتی کردگاری نەبەز
شاهیدە مەخلوقاتی، بەگشت گیاو گوڵ و رەز
لەو هەموو نیعمەتە کە یەزدان بەمرۆڤی داوە
شانازی مەردومە هەموو، گریەو نزایە بۆ ئەز

---

هەموو کەس بە ئاوات، ژینی خۆشی یە
لە شاڵاوی تاڵاوی ئەو تەڕو توشی یە
پیاوی ژیرو بەهۆش نرخی نەماوە
شەپۆڵ تەمی غەم، گشت باڵای پۆشی یە

---

پێکەنین نیشانەو هێمای خۆشیە لە ژین
توڕەیی بێزاری دەنوێنێ، نەخۆشییە بوغزو قین
فەرمان و ئەرکی وامەکە هەستی کەس بئێشی
مرۆڤی سادەبە، کردەوەی پوخت و بەتین

---

له بەنـــدا بـــێ هێـــزم هەردەم بـــێ خـــــــــــدوو
بەبیـــرم نـــایێ شـــادی، مێشـــک مانـــــــــــدوو
نـــوقم مـــاوم لە نـــاو شەپۆڵـــی غـــــــــــەم
کە بەنـــدم مەنـــدم بەگیـــانی پـــڕ ســـپێ زینـــــــــوو

* لە بەندیخانەی بەسرە- ئوم قەسر نووسراوە

---

ئـــازیزم لە خەومـــا کە تـــۆم بینـــی تـــاج بەســـــــەر
لافـــاوی خۆشەویســـتی، دەســـت لەمـــل بـــێ کەســـەر
لەنێـــو بـــاخ وگوڵســـــتان لێـــو بە لێـــــــــــوت
وەک دوو کـــــۆتری دڵشـــــاد، دەم دەم لەســـــــــەر

---

لەخەوو خەیـــاڵ تـــۆ ڕێـــــگەت لە مـــن بـــڕیـــــوە
شـــەکەت بـــوو ئەندێشـــەم مێشـــــکمت وا دڕێـــــوە
یەکەم خـــــونچەی ژیـــن ومەبەســـــتم، خۆشەویســـــتم
کـــــردگارە ئەم بەشـــــەی وا بەمـــن بڕیـــــــوە

---

نـــــــوکه نـــــوک ئەنـــــــاورێتەوە مـــــــل کەچ مەپرســـــــە
گـــــــوایە بـــــۆی ســـــــوتاوە دانیشـــــتوە لە پرســـــــــە
گێـــــــــل و وێـــــــــل خـــــــــۆکردەی کەڕو کونـــــــــد
لەگەردون نەگەیشـــــــــتوو، لەدینـــــــــیش نەپرســـــــــە

---

لە فەرهەنگـــــی قەشـــــەنگی نایـــــاب یاســـــای قورئـــــان
تـــــێ بـــــگەو پێـــــبگە لە فەرمـــــوودەی ئاخـــــر زەمـــــان
هەمـــــوو پـــــاک و پـــوختـــــــن پـــــڕ مـــــاناو بەجـــــێ
بەســـــەنگ و بەهـــــا بـــــێ پەروا لە شـــــوێن و دانـــــان

---

ســـــەیری ئەو گەردوونە رۆژگـــــاری بـــــێ بەش لە مـــــادون
شـــــالاوی تاڵـــــی شـــــەپاوی لەخـــــوێن هـــەلاتـــــوون
لـــــەم گـــــەردوونە چـــەندیـــــن هەناســـــەی لـــــە پـــەککەوتـــــوو
بـــێ ســـــەرو شـــوێن کە بێتـــاوان سەرەنگـــــوون چـــوون

***بەعس بێ مۆڵەت، بەناو ئەنفال زۆری کوشت و ونیکردن**

دەریای ناحەزی لە من و تۆ و ئەو
ناوەستێ لە جمین بە رۆژو بە شەو
شەڕابی ژەهەری چەشتوو بە ئەنقەست
لە ناوبەری خۆو شوێنی کۆن و نەو

---

ئافرەت مرۆڤێکی بە نرخ و پیرۆزە بەئەزموون کراو
بۆ کۆرپەی لەژین دڵی بەسۆزە سەر بەرزە تەواو
هەرەوەز تێدەکۆشن هاوسەری یەکتر
ناگونجێ پیاو بێ ژن، ژنیش بێ پیاو

---

لە ناو شەپۆلی غەم لێڵاوە بەڕێوە دەرۆم
رووگەشی وەدی ناکەم سەرکردەم بە خۆم
گێژو حەپەساو دەمبا ژینی بەشووم
ناپسێ کاسێتی تەمەن، بۆخۆم بڕۆم

---

خۆشەویستی لە خواوە بەهەرە دراوە
هەستی دووگیانە نهێنی وشراوە
بەرزە بەهاری مشت لە رەنگ
بۆ دڵی دڵداران پێشکەشکراوە

---

له بـــــــوونه‌وه‌ر بۆشـــــــه بــــێ خۆشـــــــــــــه‌ویستی
دڵـــــــداری پیـــــرۆزه، بـــــگه به‌هـــــۆش و هه‌ســــــــــــتی
بــــێ مه‌ی ســــه‌ر خۆشـــــه هه‌ســــتی ناســــــــــکی
نۆشـــــی خۆشـــــی یه، بگـــــا به‌دیـــــده‌ی مه‌ســــــــــــتی

---

ســــــڵاو له زینـــــدان بـــــۆ تـــــۆییه واهـــــــــــات
نامـــــــه‌ی نــــــاڕێکم گـــــــران نه‌بـــــێ بــــــه لات
لام زۆره ووشـــــــــــه‌ی پرشـــــــــنگی به‌ســـــــــــــۆ
بنووســــــم بۆتــــــۆ بــــــیکه‌م بـــــۆت خــــــــــه‌ڵات

- له ساڵی 1978 نووسراوه

---

بــــــرای به‌ڕێـــــزی له مێــــــژ نه‌دیــــــده‌م ســـــــــــڵاو
پێشــــــکه‌ش بـــــۆنی خـــــۆش له‌میســـــک و گـــــوڵاو
ئاڕاســــــته‌ی تــــــۆبێ جـــــــــوانترین ووشـــــــــــــه
له منـــــی دڵ به‌جـــــۆش بــــرین لـــــێ کــــــــــولاو

* له ساڵی 1987 نووسراوه

---

هەندێ کەس دەخوا دەڕوا گێژو وێژە
وا تێدەگا بۆی لواوە بڕێژ بڕێژە
دونیاش خراپ بێ لەهەوەس ناوەستێ
بێئاگایە لەناوی دەبەن سەرەو لێژە

---

## دڵم گڵپە دەسەنێ

دڵم چەشنی تەندوور گڵپە دەسێنێ
بۆ دیدەنی هیوا خەو دەدۆڕێنێ
گەر سەیرکەی فەلەک بەیەکجار
وەک پیاڵەکەی خەیام، هەستت دەتوێنێ
شەپۆلی تروسکە، بروسک وەشاندە شوێنێ
شەقامی شنگی وونکردم دوێنێ
سەیرە ئێستاش خوێن زەنگوڵ زەنگوڵ
بەنیگای شەرمی روو بەڕووم دێنێ
دوری هەردەم و، ساتێ پێویستە لەمانە
چونکە بێ پێزو هێزن شکستی دێنێ

*** لە ساڵی 1977 دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول نووسراوە**

---

## تۆی زوبانەکەم

تـــــــــــــۆی زوبـــــــــــــانە شیـــــــــــــرینەکەم
کـــــــــــــورد پەروەر دێـــــــــــــرینەکەم
ئەوا بـــــــــاب و پیـــــــــــرم چـــــــــوون
دەچـــــــــمەوە بەرێـــــــــگەو شـــــــــوون
شـــــــــەقامی رێـــــــــگەی تاریـــــــــک
دەبـــــــــڕم ووردو باریـــــــــک
شـــــــــنەی شـــــــــەماڵی کوێـــــــــستان
هـــــــــۆش وهەســـــــــتمە کوردســـــــــتان
دوژمنـــــــــی پیـــــــــس وچڵـــکـــــــــن
بەدکـــــــــارن چەشـــــــــنی دڕکـــــــــن
نەژاد میـــــــــدی رەوانـــــــــم
کـــــــــوردم نـــــــــاو و زوبانـــــــــم

- **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

# تۆ جوانی

نیگات پەرچەی تیشکی هەتاوە
جار جار هەورە خوناوە
روو بێ هەورو خاڵت
جوانی هەر بۆ تۆ ماوە
وێنەت خونچەی کراوە
بۆ چاوی من زاخاوە
ووشەی دەروون و هەستت
رۆژگارە لام هەتاوە
خۆراکی هەست و مێشک
بوونت بۆ من گوڵاوە
زووڵف چەشنی لاو لاوە
خۆ بەخۆ خولی داوە
جوان تروکەی، چاوت کە داوە
جوانترین شێوە گلێنەی چاوە
بەس گار بدە ئەم چاوە
دڵ بەتیشکی سوتاوە

- **لە ساڵی** 1975 **نووسراوە**

---

## خەیاڵ

من دیم تۆ، زوو بوو سەحەر
نەبوو بۆ من چارەو زەفەر
بۆنی کوڵمت لێم بو کەسەر
ئەی پەری جوان شۆخی هەرزەکار
تۆ خونچەو من پەپولەی گوڵزار
گیانم پەشێو هەستی پڕ سەمەر
نەو چەرخە ماوم بێ پودەر
تریفەی مانگم لا وون بوو لەدەر
لەبازاڕی دڵ جێ ماوە کەسەر
کەسەر چ کەسەر زامی کاریگەر

- **لە ساڵی 1977 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

---

گەر زولفت شەو رووت هەتاوە
بەم تیشکەت چاوم سەیری نەماوە
قسەت زاخاوە بۆ دڵ و دەروون
لەهەمان کاتا دەمکوژی بەهات و چوون
گیانەکەم ئەوا دڵم خەمیەتی بیدوێنە
چونکە لەتافی لاوی جوانی هەوێنە
کەوا غەم لە دەروونم گەرزە کراوە
کەچیش خونچەی باغی ژینم شراوە
من و دڵ پەنا بەتۆین کردگار
پەرێشانم، یەک چرکە شادی رۆژگار

*** لە ساڵی 1977 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

## تەزووی دڵ

تیره یا گوللەیە تەماشای ئەو دوو چاوی

شەوە یا تەمە تاری ئەو زوڵفی خاوی

چ خۆشە هێزو توانا برا ئاه! بەلاوی

من کە لاوم گیانەکەم نەماوم وا لە تاوی

پێی بڵێن توخوا کە ڕۆحی خوا پێ داوم

بۆچی دەیبا هۆش و هەستی شێواوم

سوێند بەو خاکە کە چاوم تیا هەڵێناوە

دورە بەربی لە بەندیی، دڵی گۆوارم

---

## ئەی هیوا

گیانی بێ هیوا ژیانم بۆچی یە
تیشکی هەتاوە چاوت پەنگ بووە
خەوو خۆراک ڕۆین و رۆژگار
نزیکە مەرگ و رۆژم تەنگ بووە
کە یارم شەوی چڕ تاریکی یە
تریفە مانگە رووت پشکفتووە
تاڤگەی پڕشەنگت گشتی جوانی یە
ئارەقەن تک چاوم بۆ تووە
پڕ دڵ عەشقی تۆم دڵخۆشی یە
ئەستێرەن نیگات خووم پێ گرتووە
کۆسار کوردستان پایەی جوانی یە
گریە و زاری من بۆ تۆ رەنگ بووە
کوێستان پڕە ڕەنگ سروە فێنکی یە
بیرو ئەندێشەت بۆ چی مەنگ بووە
لە ئاخی تۆیە نیشتیمانەکەم دڵم،
دەروونم پارە ژەنگ بووە

***لە ساڵی 1976 نووسراوە**

---

## گـــفـــت

یـــــاری پـــڕ وەفــــا قســــــەی جارێـــــــکە
کە گفتـــــی پـــێم دا بـــۆ مـــــن شــــــارێـــــکە
خۆشەویســـــتی پـــــاک کە ئەو ئـــەیـــــــــزانێ
ئەناســــــێ دڵ مـــــــن چـــــۆن غەمخـــوارێـــــــکە
بەهــــــــرەی بەهـــــــرەوەر خــــــودا دای رێـــــــکە
بـــــــۆمنیش روخســــــاری ئەو نەو بەهارێـــــــکە
کەمــــــــن رازی و ئەویـــــــش رازی گـــــــــــیانەکەم
بـــــۆیە چـــاوی خۆشەویســـــتیم بـــــۆی رووبـــــارێکە

*لە ساڵی 1976 نووسراوە**

---

لەســــــــــــەر ڕووی ڕەوا، ڕەوا مـــەتــــــــــــــوێنە
لەســـــــــەر ڕوی چـــــــــــەوتی ڕەوا بــــــــــــڕوێنە
هێـــــزی ڕاســــــتی یە ئەمـــــڕۆ یەکگـــــرن یەک بـــــن
لەڕووی ستــــــــــــــەما پـــــۆلان، بەبــــــێ وێـــــنە
بەهەشـــــــتە فردەوســــــــە دایکــــــــتە ئەم شـــــــوێنە

---

# چیبکەم!؟

چیبیــــــــــــکەم مـــــــــن بەمەم جـــــــــەژنە !
بە ئەم بـــــــــــــالاو بە ئەم بــــــــــــــــەژنە
تیشـــــــــــــکی هەتـــــــاو لەمـــــــــن  وونە
شــــــــــــــەوە تەم وهەورو ڕەژنـــــــــــــــــــە
هەورە تریشــــــــــــــقە  دەم بە بـــــــــــــاران
لافـــــــاو دەکـــــــا غـــــــــــەم بە (بـــــــــاران)
شـــــــــــــاری مـــــــــنە بـــــــن دیــــــــــواران
یــــــــــارم نەمــــــــا لەهیـــــــــــچ شـــــــــاران !
چـــــــــرۆو خـــــــــونچە گـــــــــــــولّی دەســـــــتت
نەیـــــــــکەی پێخوســــــــــــت، بــــــــیخە هەــــــــستت
بــــــــڕژە ئـــــــــاوی نیگـــــــــای مەســـــــــــــتت
زەنگـــــــــــولّ زەنگـــــــــولّ تـــــــــا مەبەســـــــــتت

- **لە** 23**ی رەمەزانی** 1976 **نووسراوە**

---

ڕۆژگــــــــــــاری ئەمـــــــــــــڕۆ دڵ ئەتۆرێـــــــــــــنێ
مرۆڤــــــــــی هۆشـــــــــیار لە هێــــــــز ئەتـــــــــوێنێ
ڤایرۆســــــــــــــە، وریـــــــــــابە بەدەن چوســــــــــــت
نە بــــــادا بتلـــــــــــوشێ و هــــــــەڵــــــت وەشــــــێنــــێ

## ئۆقرە

چۆل وبیابان لانە ومالم بی
گەر بە دووریت خۆشی حالم بی
گیانم پێخوست کەوشی زالم بی
گەر خۆشەویستیم پڕ بەدڵ نەبی
زولفی رەشتالەت با رەشەمالم بی
دەمیشت لەسەر چاوی کالم بی
رێگای راستەقین لە من وون نابی
ئەگەر بەجوانیت شادیم ئاشنابی
دوو دڵ تێکچەقیو شیش وکەبابی
چۆن بگەین بەیەک رۆژان تەبابی
دوو خۆشەویستی لەمەڕ خودابی
دوورە بە قوربان، یەکتر جودا بی

---

چ بالا بەرزێ      دڵی نە لەرزێ
چ شۆخ و شەنگێ      وەک فەلامەرزێ
دەستی من بگرێ      بەدیدەن بەرزێ
چ غەم فەوتێنێ      دڵم بدوێنێ
چ پاک لاوێنێ      من بلاوێنێ
چ مەم مژێنێ      کۆرپەم راژێنێ
چ بازوو و هێزێ      بگێرێ مجێزێ
بڵندی ئالا      هەڵدا لە رێزێ
تا ئارام ببێ      گیان لە ئامێزێ

- **لە** 1977 **نووسراوە**

# ئەی نیشتیمانەكەم

له ســـــەر لـــــوتكەی كۆســـــارت پـــــڕ (بەویـــــڵ) ەكەم
بـــــۆ دەم و بـــــۆنی گـــــــوڵت مەیلـــــــەكەم
بە گـــــۆزە گـــــوڕ گـــــوڕ ئـــــاوی چـــــاوەكەم
لە گـــــــۆڕیش بـــــۆ تـــــۆ گـــــریە و وەیـــــلەكەم
گـــــــەر لە دۆزەخ و لە هەر شـــــوێنێ بـــــم
بەهەشـــــــتیم ئەوێ بـــــۆ ڕووی دیـــــلەكەم
لاشـــــەم لە گـــــــۆڕ بـــــێ زینـــــدوومە بـــــۆ تـــــۆ
هەناســـــەی تـــــۆیە (گـــــوڕ گـــــوڕ) شایســـــت كـــــێلەكەم
ڕەشـــــەبا بـــــاهەر گـــــــوڵ هەڵـــــوەرێنێ
ســـــەیرە فیـــــزی لەســـــەر ڕەگ و بـــــاخی لەیـــــلەكەم
ئەڵـــــێن چینـــــی (هینـــــد و ئەوروپـــــی)یە زارەكـــــەم
نەخێـــــر كـــــوردم، كـــــوردم كـــــوردە دڵـــــــەكەم

- **لە ساڵی 1976 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

## زەردەخەنە

جوانترین جوانی زەردە خەنەی سەر لێوە
ڕوگەشی کوڵمەی کە ڕەنگی سێوە
لە پانی سینە دوو بەرزی پێوە
خەڵاتی خوایە ئەم جووتە کێوە
گەزەنگە تیشکە لای من هەتاوە
جوانی سەرنجی ئەم جووتە چاوە
پەیکەرە یاداشت لە هۆشم جێماوە
کە مەندەو بەندە بە گیانم گەمارۆ دراوە
ئەگەرچیش غەم لە دەروونمدا گرزە کراوە
بەیەک چرکە یادت وا دڵم ساوە
ئەو شیعرەم لەشەو کاتێ داناوە
کاتگێڕ دوانزە زرنگەی لێداوە

- **لە ساڵی** 1976 **لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

## ویــــژدان

دڵـــم پـــڕ وەک عاشـــقێکی بـــێ هیـــــوا یـــــــــــارە
شــــەپۆڵ و لەنــــگەرەی غەم لە دەریــــای بێســــنوور تــــارە
بێهـــودە و هەســـــت و هـــۆش ئەندێشــــەی ئەم رۆژگـــارە
دڵ نێچیـــــرە بەداوی، نـــــاخی یەخســـــیری سەنگـــــەبارە
ڕاســـتە بـــێ پـــێچ و پەنـــا، ژیـــــــان کـــردەوەو کـــــارە
کەچـــی نەیفەرمـــووە خـــودا، بمـــــرە بـــۆ پــــــــــارە
هەردێــــن و دەچـــــن رۆژهەڵات و رۆژئـــــاوا غـــــــــارە
مەیلـــی نەمـــاوە بە ئـــاین بـــاوەڕ هەر ئەڵـــێ پــــــــارە

- **لە ساڵی 1976 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

---

ژیــــــــــن هەرئەوەنــــــــــدە کە خۆشــــــــــــــــە
لەشـــــــــــەوگار ڕوح پـــــــــــرخەی لە جۆشــــــــــە
پاشـــــــاو وەزیـــــــر شــــــــێخ ومـــــــــــــــەلا
گشـــــــت بـــــــۆ لەحـــــــــدی گـــــــۆڕی بۆشـــــــە
نـــــــۆرە بەنـــــــۆرە بـــــــێ کێشـــــــە و بێـــــــــشە
لە قورئـــــــــان بەولا ئەویتـــــــــر بۆشـــــــــــــە
ئەوســـــــا بـــــــۆچی فەلـــــــــــەک بـــــــێ بـــــــاک
هەرخـــــــــول ئەدا لەســــــــــــــەر خۆشـــــــــــە

- **لە ساڵی 1976 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

## هەست

با هەوری رەش کپ و هێمن
داپۆشێ نزم و بەرزی لە من
گەربێ و بمکەن ئەنجن بە ئەنجن
ناسەنگرێمەوە لەرێگەی باوەڕ ئەمن
چین بە چین هات و ڕەوتن
لە ژێر گۆڕی خاکی زەوتن
مەڵێن ڕۆیشتن ئەوا فەوتان
لە هەوڵ و کۆشش هیچ نەخەوتن
بەڵێ ئێمەین بەسالاچوو
وەکو وانین پیرانی زوو
نەماوە شێوە لە ڕەنگ وڕوو
سەرلێ شێواوین بەجارێ هەموو
هەڵسن بەتاو و دەست بەجێ
بە ڕووی کوردایەتی مەردایەتی دابچێ
با چەرخی ئازادی بڵێسەی داگیرسێ
لە ڕیشەو رەگەز دوژمن داپسێ
بە هەستی پڕ بیری سەختی
یەک یەک تەقاندنی ڕەختی
کە ئاسمان بڵێسەی تریشقایە بەختی
تێی وەشاند شکاندنی تەختی

***لە ساڵی 1976 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

ئومێـــــــدی ژیـــــــانم گەرەکە بەو بـــــــویمە شـــــلاڵ
یاســـــاوغە لەمـــــاف بـــــدوێم لــــێم بـــووە تــــــاڵ
ئەیەوێ تەفـــــرەم بــــدا لە زینـــــدانم بـــــۆ زینـــــدان
تــــاڵە لای نــــاوم بەخــــــۆم و شــــــڕ وشیتــــــاڵ

- **لە ساڵی** 1976 **لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

---

بچـــــیە نــــــاو بــــــاخی گـــــــوڵ گـــــــوڵی
پێـــــــی نـــــــاوێ بــــــکە دوو دڵـــــــــــــی
کە بەزمە، بەرزە لە شــــــــــــــاخ و دۆڵـــــــــــی
گـــــــوڵ گـــــــوڵە لە بــــــــــۆن و گــــــــوڵی

---

خۆمـــــــاڵی بـــــکە ئــــــاڵاو بەرزی و خـــــــــەو
بخـــــــونە گشـــــــت هەرکــــــات بە رۆژ وشـــــــەو
شــــــــەرمە بگـــــــۆڕی جـــــــــل و ووتەی پیـــــــر
بکۆشـــــــــە بــــــــۆ ژیـــــــن ڕۆژگـــــــــارێکی نەو

- **لە ساڵی** 1976 **لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

زانســــــــت گەنجیـــــــنەیە مشـــــــــــت بەهـــــــایە
بـــــــۆ برســـــــی مێشـــــــــک خوێنـــــــدن توانایــــــــــە
لەدەریـــــــــــای زانســـــــــــت ســـــــــــــــەرنج بەرەوە
کـــــــــورد گـــــــــوتەنی! نـــــــان  لە ڕەش خەتـــــــایە

- **لە ساڵی 1976 لە گوندی بیستانەی گەورە نووسراوە**

________________________

شاعیـــــــــــــــــران ئاواتیـــــــــــــان بـــــــــــــوو رۆژێ
ئاشـــــــــــــتی لە جیهـــــــــــان تیشـــــــــــکی بپـــــــــژێ
کەچـــــــــــــــی گەورانـــــــــــــی ئـــــــــــێمەش ئـــــــــــاوا
لەکڕنۆشـــــــــــــدان وفـــــــــــش ومـــــــــــــــردوو دەدۆژێ !

________________________

بەو  شـــــــــــــەوی تـــــــــــــارە ریژەیـــــــــــــــــــــــێ
بـــــــــۆ دەرگەی خـــــــــۆ پەیـــــــــــاکەن ڕێزەیـــــــــــێ
چـــــــــــــلەیە دژوارە ســـــــــــــــاردو ســــــــــــــــەرما
تامـــــــــــاون بـــــــــــبن یەکڕەســـــــــــــەن ریزەیـــــــــــێ

________________________

ئەگەریـــــــــش چـــــــاک نـــــــــی مەمشــــــــیکێنە
بەدڵــــــم بــــــۆت چیتـــــــرم تێــــــک مەشـــــکێنە
خـــــــــۆ گـــــــــوڵ نـــــــیم گـــــــــوڵاوم هەبـــــــێ!
دەســــــــا چڕنوکـــــــــت لەگیـــــــانم مەچنگێـــــــنە

---

هەنگـــــوین چخۆشــــــە، بەڵام بەزۆر ناخـــــــــــوریێ!
چخۆشــــــە بەرەڵلابـــــی نەبـــــی دەســـــــــــــتڕاگریێ
کـــــێ زات بکـــــا ژیــــــــــان ونهێنیـــــــــــــــــم
لە روخســــــاری بەڵا نەدرکێنـــــی و بـــــوێریێ راگـــــریێ !؟

---

ســـــــوپاس خـــــــودا، دڵـــــــت بەگیــــــان ســــــپاردم
ئـــــــاڵودەی تـــــــۆیە فیــــــــداو سوپاســــــــگوزارتم
خـــــــوای لێخـــــــۆش پێمــــــــی دەوت بـــــــــاوکم:
رۆڵە باشـــــــــــبە، ئەوی ووتـــــــــــی شـــــــــــاردم

---

که دڵـــــم به جۆشـــــه ئـــــاوری نـــــــــهورۆزه
تــــین وگــــڕی مــــن هێشـــــتا به ســــــۆزه
لهم ڕۆژه کهوا چـــــــــــــــڕ و ئـــــــــــــاڵۆز،
که ڕێــــــگهی گشـــــتمان شــــــهرم ههڵگــــۆزه

- **له ساڵی** 1981 **نووسراوه**

---

ژیـــــــن خهوو خهیـــــاڵ، تاریـــــــک و تـــــــاڵه
لای کهســــــــێ خۆشـــــــــی و له ههزار نـــــــاڵه
که غهمگیـــــــــنم لهم ژیـــــــنهم کاکـــــــــه بـــــــرا
ســــــــهرنجم لهبــــــێ مــــــافه له مافــــــا زاڵه

- **له ساڵی** 1981 **نووسراوه**

---

جیهـــــــان که له مێــــــــژوو، کـــــــۆن و کهلاوه داوه
بــــۆمن و تـــــۆ و ئهو، بـــــۆته ســــــــــهرچاوه
کوردســــــتان گیـــــان و خــــــاکم، بهداخــــــی لاکــــــم،
مهپرســـــه ریـــــش تاشـــــینم، هۆشـــــم گــــــۆاوه

*** دوای نسکۆی شۆڕشی ئهیلول له ساڵی ۱۹۸۰ نوسراوه**

لەو کاتەدا کە دیدە پڕشنگی تیا جوڵاند
ئادەم لەخاک و حەوا لە ئێسک، دەرچواند
بەر لە زەردەشت ومـاد، ئیدی وئیدیم
خودا منیشی وەک تۆ لە بونا ناساند

---

بەگژ کەس دامەچۆ تۆ لە خۆڕا
(کل شیء سبب ) لە قورئاندا بنۆڕە
مورغێ لە ناو قەفەسدا نەگۆڕا، لە خۆڕا
توند دەخولێتەوە گێژو بەند لە تۆڕا

---

چیم لە تۆنگ، لینین، ڕۆناڵد ڕێگینە
گەر موسڵمانی ئەوەتا نەیارت بێگینە
کەمن کوردم چیم لە تۆیە گەرموسڵمانیشم
تا ماڵ بیەوێ، مزگەوت کەماڵ و زەنگینە

---

که دەڵـــــــێن ژیـــــــــن خۆشــــــە، بــــــەڵام !
درۆیە بەڵام ، کەچــــــــی تــــــــێ ئـــــــاڵام !
ڕەواجـــــــی نەمـــــــا بۆکـــــــوردان، قـــــــوربان
شــــــڵاڵم، لاڵـــــــم، لە رۆژگـــــــارێکی تـــــــۆڵام

---

وا دێـــــــــن و دەڕۆن لە بـــــــۆڕ بـــــــــۆڕێن
ئەوانە خـــــــۆش پیـــــــاون کە ناگــــــــــۆڕێن
لەپـــــــاز پـــــــازێن ولە رۆژگـــــــــــارێن
چ پیـــــــاوێن ئەوانە، تێـــــــیەچن وئەدۆڕێــــــن

- **لە** 1981/2/5 **نووسراوە**

---

جاروبـــــــــــار غەم دێ و دام دەگـــــــــــرێ
چ غەم مـــــــــــــرۆی دەوێ خـــــــــــــۆڕاگرێ
لە ژیـــــــنم، شـــــــینم، فرمێســـــــکی دەروون،
مەســـــت لە ئـــــاە و تاســـــە، پـــــڕ گـــــرێ

---

پـــــیم بێــــــژن لە كــــــوێ وەدی دێ، ئــــــازادی ؟!
لەكـــــوێ بــــــدڕێنم كەوشــــــی خێــــــر و خـــــودادی ؟!
لە كــــــوێ بــــــدركێنم ڕاســــــتی بە دڵ مــــــرادی ؟!
هـــــاوار بەحــــــاڵم، نەدیــــــدەم چركەیێــــــی شــــــادی.

---

گەر لە ژیــــــن بــــــێ كەس بــــــووی تــــــــاڵە
یەك چـــــــركە توشـــــــی بــــــۆ هەژار ســــــاڵە
بــــــێ كەســــــی كەســــــان، بــــــێ رەنــــــگ وپەروا
دانەری گشــــــت شــــــت یەزدان بــــــێ خــــــاڵە

- **لە ساڵی** 1981 **نووسراوە**

---

خــــــــوو، رەوشــــــــت، جـــــــــل ، بـــــــــــەرگم
ڕایەخ، كــــــــــــــلاش، دەزوو، پـــــــــــــــــەرگم
كـــــــــون كــــــــــونیكەن، دڵ و جــــــــــــــەرگم
فرێنــــــــادەم هەتـــــــــا، هەتـــــــــا مەرگـــــــــم

---

ڕۆڵە قەت نەبـــــــــــیە دەســــــــــــتە، ئەژنــــــــــــــۆ
لەســـــــــــەر زەوی بە هێمنـــــــــی بخـــــــۆو بــــــــڕۆ
نەکەی لەگەڵ بـــــــــــــــرای خـــــــــــــــۆت درۆ
لەســـــــــەر یاســـــــا و قورئـــــــانی چیگـــــۆ: وا بـــــــڕۆ

________________________

بەڕوح بەرزی ڕامە بـــــــــــــــووره ئەی مـــــــــــــرۆ
لەســـــــــەر زەوی بە پـــــــاکی بــــــۆ خــــــۆ بـــــــــڕۆ
دانەر لەبەرزی بەرزان، ئەو نەمـــــــــــــــــــــــــــــره
بــــــــۆ مــــــــــن و تـــــــــۆو ئەو دەمێـــــــــــــنێ ڕۆ ڕۆ

________________________

زۆرم دیـــــــــت پـــــــایەی کــــــــــــــــــار وەدەســـــــــت
لە جیهـــــــــان هیـــــــــــــــــوای خـــــۆی دەڕەســـــــــت
کە نـــــــزمم، ئـــــــادەمیزادم، نەنــــــگەلای بێـــــــتە ڕیـــــزم !
دانیشـــــــــتن دەســـــــــت بەچـــــــۆک و دووره هەســــــــت

- **لە ساڵی** 1980 **نووسراوە**

________________________

خۆزی بوونم لەم بوونە نەبوو با
چی دەبوو غەمم لەژینم، ڕابوو با
دوو دەست لە جەستە هەردوو تەبا
بنیادەمیش دەبا گشت، ئەوها بوو با

---

گوڵی گوڵزاری گوڵستان بەهارە
لەکۆش بێدادی، غەمیار، هەژارە
بکە سەیر چ مەلول چ پەژارە
پەشێو بارو بێ زەوارە

---

کوردستانیش گوڵستان، ڕیزی بە هەشت
بیانین خەنین لەسەیر و گەشت
کوڕانی هێند لە چۆش و پەشت
سەودا سەرن بۆ خود ئاڵا بڕەشت

---

لە زوقمی سارد و لە جۆشی گەرمی ئەفلاکا
دەزانی بەمەرگم دڵم سڵ ناکا؟
سروشت غەم، هەر لەگەڵما زگماک
کە لە گۆڕم، گەرەکیە بە زۆر دەخاکمڕاکا!

- **لە ساڵی** 1981 **نووسراوە**

# دەوڵەمەند

دەوڵەمەند سامانی لا رێبازە!
بێ شێوازو هەستی لاوازە
لە راستی بێ دەستی، بەنازە
نێچیری مەرگن، تا بڕۆن هەورازە...

---

دەوڵەمەند وەردەگەڕێ لە ڕووگە
خۆی بە پیاو، وا دەزانێ نەهەنگە
بۆ پوول رەنجەڕۆ دەکا
با نەمێنێ ئەو بە ئەو ڕەنگە

---

دەوڵەمەند بێ پێزو هێزە
پارە پەرست و بێ رێزە
بۆ خۆویست و حەز لەمێز،
لە ڕاست هونەردا دوورە پەرێزە

---

هەربیـــــــێ دەوڵـــــــــەمەند زەنگـــــــین بەمـــــاڵ
ناوەســـــــتێ لە کـــــــار یـــــادی کـــــا بەرمـــــاڵ
ئەی هەش وەســـــــــەر بۆکـــــــوێ رادەبـــــــری ؟!
گـــــــۆڕ قوتـــــــــت هەڵـــــــدەچنێ دەرحـــــــــاڵ

---

نـــــامەوێ ئەو دڵە کە ڕەقـــــــە بـــــــەرد بـــــێ
هیـــــواو مەرامـــــــی شـــــــەوی بێـــــــگەرد بـــــێ
نـــــامەوێ ئەو گـــــــوڵە کە چـــــــقڵی دەر دبـــــێ
بـــــۆنی بە گشـــــــت کەس بفرۆشـــــــێ و بەد بـــــێ

---

بـــــــڕوانە ســـــــــەرنجێکی چەرخـــــــــی گەردون
کـــــــێ نـــــــزمە لەژێـــــــر پـــــــێ مـــــــــردون
ئاکـــــــــــاری بەرزی لادا، بە بایـــــــــــــــدا !
بەقـــــــین و پـــــــول، بـــــــونەتە داخـــــــــون

---

دڵ بەخـــــــــرپەو لێـــــــــدان دائەوەســـــــــــتێ
بەمەرگ چـــــــووی لە جیهـــــــان پەرســـــــــتێ
مێشـــــــــــــــــکی دەوێ ڕووبەڕوی گەردون
کـــــێ مـــــاوە و بمێنـــــێ، ڕاوەســـــــــتێ

سروەی شەماڵە فێنکە خۆشە
بەهارە و لامان! تاڵەو ناخۆشە
گریەو ئەنسکە فرمێسکی زوخاو
جیهان چ بەڵایەو تووشە و بۆشە

---

سەیروسەرنج بدە، ئەی پڕ هۆش
ڕون و تاری یە گەردونی پەرۆش
ڕەنگینە لە خوێن مرۆی خۆش خۆش!
بکەوتە بەر باڵی سەرەی بێهۆش

---

نەونەمامیَ شلک، تازە، تەڕ
چۆن بخرێتە ژێر ڕکێفی بەدفەڕ
ئەو بەدفەڕە، نەفام وگێل وهوڕ
دەعبایە وگورگە خۆی، شوانی مەڕ

---

زووکە هەڵسە دەسا درەنگە
چاک و چۆنی کە لەم گۆڕە تەنگە
چ لاویَ بوو لە شاخ و جەنگ
لەسەر دایکی ئەوەتا ژەنگە !

گەر هەبـــــووەی لەژینتـــــا تـــــۆ كـــــۆكی
پڵنـــــگ و شـــــێری تـــــۆ چاپـــــوكی
گەر نـــــزم و نەبـــــووی بـــــێ مـــــوڵك
ســـــوك و نەفـــــامی پـــــوك و قـــــەپۆكی

---

ئەوا ســـــەرنجم دا لەســـــەرنجی ســـــەرنـــــجا
نەدیـــــم لە گەردوون و جیهـــــان جـــــگە شـــــكەنجە
ژمێـــــرەم دەكـــــرد نەگەیشـــــتمە ئـــــاوات
زەردەخەنەی كـــــرد جیهـــــان بنیـــــادەم خلـــــچا

---

گـــــۆڕانی رۆژگـــــارە بەســـــەر مـــــرۆڤ دادێ
جیهـــــانە ســـــەیرانگەی منـــــداڵانـــــی لادێ
هەزارەهـــــا خـــــوێن لەجۆشـــــی جـــــۆشی
بەربـــــادی كـــــردن شـــــوێنەواریش، نەمـــــا دادێ

**※لە 1987/10/27 لە بەندیخانەی خۆرزوبێر- بەسرە نووسراوە**

---

مـــــن گەر ســـــەردێنم و ســـــەر دەبەم
لەتـــــۆ زیـــــاتر گومـــــانم نابـــــەم
خـــــودا جـــــا گەر هەرلەژێـــــر چەپـــــۆكم
بـــــۆ چـــــیمە خـــــاكی هێـــــژاو نایابـــــەم

ڕوو لە ڕەوڕەوی گەردون وەگێڕە
پڕو پوچە و سپڵەیەو گێڕە
رۆژگاری خێچ و شەل و کوێر
لە ئاست هەژاران زیخ و بوێرە

---

ڕۆژگار و شەوگار لە زۆران بازین
تەرازوون کەچی لە یەکتر ڕازین
داد لە بێهێزی لە ئاست نامرۆ
چ لووت بەرزەن کە ووشەی (نازین)

---

ڕەواجی هۆش و ژیران نەماوە
گیرفانت گەرم، گەمارۆت پیاوە
نەیخستووە هۆشی بەدادی خواوە
سەرنجدە سیمای، لە پول ئەنگڕاوە!

---

بیرو باوەڕم لەم چەرخەدا وا تاساوە
هۆشم، نۆشم لە ئەندێشەم دا، داپساوە
ئەوەی مەرگ بردی، ژییا
ئێمە غەمگین و ئەویش ساوە

ڕەوڕەوەی تەمەن دێ و دەڕوا
ژاروهەنگوینە، نیوەیشی خەوە
یەکێ لاوازو یەکێ تەواوە
ئەوەی ڕاست بڕوا هەر ئەوە هەوە

________________________

مەردانە یە هەل و گورزی ڕۆژگار
بدرێ بەمرۆی چەڵەنگ وهۆشیار
مرۆڤی هێژا زرنگ و باش کار
چۆنی وەدی کەم لە کام شوێنەوار؟

________________________

کێو پەرست لە بونا تەنگە
بۆمەی هەڵوەدا بۆتە زێڕنگە
پیاوی نەبەرد ئارەزووی مەرگە
ناپاکی و لاتی، بەلاوە نەنگە

________________________

مرۆڤ بیەوێ بژی ببێتە جۆکەر
زانست پەیاکا وێنەی جیهانگەر
کاری کەوتە دەست بوویە پایەدار
نالێن ببێتە مرۆی جاشوکەر

له هاوڕێیەتی لێیم بوو بەشووم
بووە هۆی نەبوونی بووم
گاهێ دۆستە گاهێ ڕوو بەڕووم
کەچی مل کەچە بۆ تێهەڵچووم

---

شەو هەرچەند تاریک خامۆشە
مێوژیش لەدەم گشتمانا خۆشە
ڕاستە کە دەڵێن شەو ناخۆش
بەڵام پێخەفی گشت زیندە هۆشە

---

له جەست و هەستی ژین تێبگەی
چێژی پێزی ئازادی وێڕاگەی
بگە بەڕاژەی زوبانی ئەو ڕەگە
نەژادی بوونتە ئەوسا پێ دەگەی

---

قوربان ژنه گەر بتکا به پیاو
هەر ژنه ئەتخاتە نێو داو
هەیانە چەشنی میهراکۆی کاستاو
دەنا هیچن گشتیان بۆ پلاو

دەوڵەمەند نەزانیش بێ دانایە !
بەلایان هیچە هەژار کە چەند زانایە !!
ڕۆژگارە، زۆردارە، دەوڵەمەند ئاوا
دەستە بەستە هەژار، زۆردار توانایە !

---

زانست گەنجینەیە مشت بەهایە
بۆ برسی مێشک خوێندن توانایە
بکۆشە تاگاقی گیان وپەک چوو
بیرت بێ لە ژین زانین هانایە

---

ڕوح پەپولە بە لەش ڕازی
کاتی یە حەشاردەی گۆڕە مرازی
سەیرە بەردەبازی نازی !
لەخۆبایی و سەرفرازی

- **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

بڕوانە شەقامی ژین شینە
دەستی زۆردار، شیوەنە نەژینە
سوپاس خودا، جووت ئادمیزادین
بۆچ ئەو تێر، ئێمە چینە ؟

---

منیش ئارەزوو دەکەم لە سەربەخۆیی
ئەمەوێ دەرچم لە ژێر گۆویی
زۆران پەرێشان ڕەوی ڕۆیی
چە خۆشە ژینی خۆ بە خۆیی

- **لە ساڵی** 1982 **نووسراوە**

---

کووردی یە مایە و ژین و ووتەو مەرگم
ئابڕوە ڕانک و چۆخە، پەڕۆیین و پەرگم
شوورەییە ڕەش گوریس، وەیا شەبقە !
من بەخۆم بۆ خۆم، کۆفی و کڵاشە بەرگم

---

زەرگم بۆ چاوی دوژمن بە یاری خودا
میکرۆبم دوور مەرگم لە گیانی ئەودا
بەشاخ و دۆڵەی کە پێی لەبان سوا
لە ڕۆژی زیندووش کوردم لە ژینی نەودا

زێڕ لە هەرکوێ بێ زێڕەو هەرگیز ناگۆڕێ
بولبولی ئاواتە خوازەم لە بەند و تۆڕێ
ڕۆژگاری نا لەباری بەد ئارەزوو!
سپڵە ڕەفتارن گەرەکیە زوبانم بشۆڕێ

داســــــــــتانی تەمەن تەنـــــــــگ و چـــــــــــووە
ڕۆژانەی گـــــــــۆڕ ئـــــــــارەزوو و خـــــــــــووە
بەزەیـــــــی پیـــــا نـــــایێ مــــــرۆڤ بە مــــــرۆڤ
چ دڕنـــــــــــــدەییێکە، ڕۆژگاریـــــــــــــــی دژووە

---

تێنـــــــــووە بــــــۆ خـــــــوێنی زۆردار ئەم دڵـــــــــە
گیـــــانم بـــــۆ پێـــــی پیـــــاوی مەرد ســــەر گــــڵە
هە ســــــتم نیـــــــازم، بیـــــــرم، بــــــــــــــاوەڕم
ســــــەندنی مـــــــافە بەخۆشـــــــی ئـــــــاخۆ بە گـــــولله

---

ژیــــــــــان تەکـــــــــان و هەوڵ وکۆششـــــــــــــە
زاخــــــــــاوی بیــــــــــرو بەدەن، هۆششـــــــــــە
بــــــۆ خـــــــوود ئـــــــازاد بــــــوون قــــــــوربان
یەکگــــــــرتن فرچـــــــــکی فـــــــرازی شۆڕشـــــــە

ســــــــــــپێدە ڕوون کە بەفــــــــــــری چــــــــــیا
بەو لاویمـــــــــــــا کژێـــــــــــــــکە جیـــــــــــا
نەخــــــــــوازی ڕەش پۆشـــــــــــیم ئەمـــــــــــن
بەڵام لە ڕیشـــــــــــا ئـــــــــــارەزوم بشـــــــــــیا

---

سروشت نابەزی تا ڕۆژەی پێدراو
تف لە دڵی من چەندین کەلی تێکراو
هەرەس ناهێنێ بەد، هەل بەدەست
سەیرانگەی گەلمە هێڵی چەوتی دژکراو

ئەگەربێت و بوخچەی دڵم بۆ تۆ هەڵڕژم
مەستتت ئەکا ئاه وناڵەی پڕ تەوژم
هەر خوایە ڕەوا پێش ئەوەی خۆم بکوژم
دەبا بفەرموێ یەک چرکە لە ڕوخسارت مژم

---

چۆن خەفەت نەخۆم هەر رۆژە لەسەر پەتکێکە
هەردەم لەیاریی نەیاری من و خۆشی نەنگێکە
بەلای خۆی وا کە زێڕە، وای لەبێ کەلکی
زێڕ هەر زێڕە چۆن وەک وی چ جۆرە ڕەنگێکە

---

زۆر هەن پڕو پوچ لەم چەشنە مرۆڤەن
زوبانی ناگەڕێ بەچاک، بۆ چاکە بڤەن
تف لە روخساری بەد ناکەس بەچە ڕوو کەن
خۆبەزلزان و پیتۆڵ و هەڕو گیڤەن

---

دنیا مێزەرە هەر ڕۆژە لەسەر یەکێکە
شڕوشیتاڵی خاوەن جۆرە خەڵکێکە
مەنازە بەقوڵ، بە ماڵ و دراو و پیاو
گیان بژێوی خاکی وەک گیا لە مێرگێکە

خوێندن کۆڵەگە وبنچینەی ژیانە
خۆراکی بیرە و هۆش و گیانە
تیغی نیگاهی دژ نەزانین وزیانە
تەوژمی تیشکی ڕوناکی جیهانە

---

بەد مرۆڤ سەری کڕکە
ووزە، ئارەزوو، هێزی شڕکە
لەدوور و نزیک هەر چقلە شووم
بیبڕە لەبن تاڵە دڕکە

---

شیرینە تام وبۆنی خۆش گوڵین
بۆ شنەی شەماڵ گوڵ دێنە جولین
ئارەزوو مەندان زۆرن، ئاوەڵ گوڵ
هەرگوڵە سەرچاوەو بوونی هەنگوین

---

گەر ژینت لابدۆڕێ
بەڵات بۆ دێتە گۆڕێ
حەکیم ودکتۆرت بەلاوە
نیە تیمارت بکا و بتنۆڕێ

بۆ پارە مرد بێ
پێی مەڵێن کورد بێ
ڕووی نەما مەردبێ
بێ چارە دەرد، بێ

---

نابینم جگە درۆو تەفرە
لەڕاستیش بدوێ هەر کفرە
تێناگەم لەو چەرخ و ڕۆژگارە
پڕ لەپێچ و پەناو نەفرە

---

گەربژی بێ کراسی
گێل و وێل کەس نەناسی
مەگەر نەهەنگ یا زمانت ماسی
دەنا بێ سودو، لە ژین کەساسی

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

---

زیرەکی نەوەک هەر بۆ پیاوانە
بەڵکو ئافرەتیش لەماف و ژیانە
گەر شێر هاتەدەر لە لانە
چ نێرو چ مێ، جیای چیانە ؟

---

ئامۆژگاری بۆ ئافرەت لەم کوردستانە
هەوڵت بۆ کۆرپەی کوردی زووبانە
نەژاد بەختیاری ڕێگەی ژیان
تێکۆشان هەردەم قەڵای گەلانە

---

گەر ژینت دەوێ لەگەڵیا پێ کەنە
گریان تاڵە برین دەبێ تەشەنە
خۆشە ژیان دوور لە کۆسپ و تەگەرە
پێ بگە، پێگەیەنە، ساژینت ڕەوشەنە

یاداشتە وێنە بۆ ژین جودایی
هەمان سات شادە دیتن بینایی
شیرینە رەوشت کاری خودایی
لە بونیش نەبووی وەبزانە مایی

---

مرۆڤ بۆ بەرزە ژین، ئارەزوو دەکا
لە بەند ڕزگاری و بۆ ماف خوێن ڕوو دەکا
ئاه سەرنجدە، نەو ڕۆژگاری چەتون
وا چەندین گیان بێ لاشە و پشوو دەکا

---

دڵگیر مەبە بە باران نەبوون تۆ
تابژی دەژی گیانە لەهەر کۆ
تاسەر بمێنی ژین مسۆگەری
مەپرسە لەخوا هیچ ناکا بێ هۆ

---

لای هەندێ شین ولای هەندێ ژینە
یەکێ جل دڕاو، یەکێ بێ پینە
یەک ڕێگەدەگرن لەو کەین و بەینە
دوو هەنگاو زەوی و خەڵات، یا نینە

لەگەڵ یەکتر تووڕە و توندن، بسازێن
کە پێخوستە هەژارتان لە پاز پازێن
لە ڕۆژگاری توندوتیژە بێ شێوازە
(قوت)ی مەرگن، کە بازە لە چنگە بازێن

مەڕێـــــژە فرمێســـــکی ڕوون کە ژیــــن ڕابـــــوردوو
تەمەنـــــت چـــــۆن هـــــات وابـــــوو بـــــــــابوردوو
تـــــۆمەبە بە پـــــــــــــــرد بـــــۆ بەد و دەرد
بهێـــــنە بەرهەم بچێـــــنە بەدەســـــــــت و کەردوو

________________________

دنیـــــا چەلەنـــــگ و شـــــۆخ وشـــــــــەنگە
بـــــۆ یەکـــــێ فـــــرەو بـــــۆ یـــــەکێ تەنـــــگە
ئـــــێمەی بـــــێ تـــــاوان بـــــۆی خەڵـــــەفاوین
مایـــــە پـــــڕو پـــــوچ لەم زەبـــــر و زەنـــگـــــە

________________________

ڕێـــــز بگـــــرە بەرانـــــبەر بە ڕوخـــــسارت
ووردبەرەوە لە ئاخـــــافتن وکـــــــــارت
تـــــاڵ وشـــــیرین، تـــــــــاریک وڕوون
بەهەنـــــد وەرگـــــرە بـــــونەوەری کردگـــــارت

- **لە ساڵی 1998 نووسراوە**

---------------------------------------------

زۆرن ئەوانەی بـــــێ بـــــڕوا، بـــــــــڕوا
شـــــەرمەزارن لەکـــــارن کەبـــــڕوا، بـــــڕوا
مەرج بـــــوو دای بەئـــــادەم و حەوا خـــــودا
لەو ســـــات و کـــــاتەبوو کە ڕوا، بـــــڕوا

- **لە ساڵی 1996 نووسراوە**

تـــــۆ خــــۆ دەژمێــــری بەئیســـــلام، ئیســـــلام
ووردبەرەوە دەربـــــــــارەی ســــــــــەلام وکەلام
بهێــــــنە کــــــار کە کردگـــــار بە تــــــۆی داوە
عەقـــــڵ وهـــــــۆش، هـــــۆو ئیلــــــهام

---

لە ژینـــــــــی پڕشـــــــینی جەورو جـــــــــەفادار
نەمــــــا خۆشـــــــی لەچ ڕێ، دێ و  شــــــــــار
لە بەینــــــــی ئـــــــــەم، ئەو، ڕۆژگـــــــــــــار
زۆرن زوحــــــاکی خـــــــوێن مـــــــژوو زۆردار

---

لە ئاســـــتی ژیـــــن کـــــردەو کـــــارە  گەر بـــــگا
هەوڵـــــــــدە ڕۆژێ دادێ ، دادێ ســــــــــەر بگـــــــا
بە بـــــڕوا بـــــژی بـــــێ چەوس وســـــــــتەم
هیـــــــوای ســـــــەرفرازی ئەبـــــێ هەر بگـــــا

- **لە ساڵی** 1981 **نووسراوە**

---

عـــــومرێکە تاســــــەر نـــــاگونجێ تـــــــــەواو
لەگەڵ مێشـــــــکی ناپەســـــــەند پـــــــــــڕژاو
مێشـــــــکی گەنـــــــی بەتەم پۆشـــــــــــاگ
دوور  لە گەشـــــــەو تیشـــــــــــکی ڕژاو

---

زۆر شت لە نزمە بۆ بەرزی دەچی
ئاکاری زۆردار لە بەرزیا ڕوئەچی
هۆشت بێنە سەر کە بەر پرسیاری
گردبەرەوە دژ نەیار کە مل کەچی

---

کەم بەدی دەکەم لەبەر چاوم گیانە
مشت درۆ، دوو ڕویی ، ئەم ژیانە
لەژینی شینی ، هەوڵ وفڕوفێڵ
ناوەستن لەم گشت هەنگاو پڕزیانە

---

لەسەر شانۆ شەکەت نەبوو گیانت
ئەی خوێنمژی گەلان با بەسبێ ژیانت
بەس بکوژ بە لە پیر و ژن، منالّی بێشکە
نایەن بە ئەژمێر تاوانی پڕ لە ئاه و زیانت

لەو چرکە کە بووی فەرمان بۆ نەمان دراوی
دەخێلی هەرچی بی تۆ تازە، سڕوای
بەشەرعە ژن بۆ مێرد بە مارە کراوی
تۆش مرۆڤ، بە نەمان هەر بەو بڕاوی

---

وای لەم بێهۆشـــــیە وا گشـــــت بێهۆشـــــن
بـــۆ مەرگـــی یەکتـــر پەلـــە و پـــێ خۆشـــین
بە پێکەنینێـــک دڵخـــۆش، هەڵـــپەڕکەو ســـەما
پێشـــوازی دەکـــا مەرگـــی دڵـــگوشین

---

دەنوشـــێ دڵـــی پـــڕ زام و ئەنـــگاو
شـــەڕابی ژەهـــرە، شـــەپۆڵەی قـــوڕاو
بەچـــی ئـــاوازێ، نـــازێ هـــەڵ پەڕم
نـــازانم چـــی بـــکەم لەم ڕۆژگـــاری ئـــاڵۆزاو

- **لە ساڵی 1982 نووسراوە**

---

زۆرن هەن مەی نۆشـــان: گـــوایە غـــەم لابەرە
نەخێـــر مەینۆشـــە بەڵایە، فیتـــنەیە، شـــەڕە
نەکەی فرمـــانی وا کە مەی نۆشـــی نەخۆشـــی
تەرکـــی بفەرمـــوو دەنـــا هەوڵـــت بـــۆ دەرمـــان و نشـــتەرە

ئەڵـــێ مـــن ڕاســـتم بـــۆ ڕاســـتی گـــوایە ئەچـــی
کەچـــی ڕێـــی پـــێ نابـــا مـــل کەچـــی، کـــەچی
بەســـیە بە ســـۆدرەم مەبە گـــەوجی
نـــاحەزی خـــوای درۆکەت لەچـــی، لـــەچی

---

نەیـــــارتە چـــــوار لات تــــــا ژنیشـــــت کە نەبـــــــوونی
بەڵایەکە جەربەرزە، هەل ومەرج وشـــــــــــــــــــــــوونی
گشـــــت یەکێتـــــی وبرایەتـــــی لەســــــــــــەر زارە
کەچـــی خـــۆ خـــۆش کـــردنە بـــۆ قـــوچ ســــەرەنگونی

---

گەر حەزبەخۆشـــــی شـــــیرینی هەنگـــــوین ناکــــــــەم
چـــۆن دەپەســـتی کەوچکـــێ لە دەمـــی پـــڕ نـــاڵەکەم
شـــیرینی خـــۆت بـــۆ خـــۆت، تـــاڵی خـــۆم دەخـــــۆم
گشـــت جیهـــان دێنـــێ خـــان و کـــان و ماڵەکــــــــەم

---

بـــێ کەســـان ژێـــر دەســـتن بـــۆ زوڵـــــم، بـــۆ زۆر
قــــاویتن، دانەوێــــڵەن ئەیــــکەن بەپێخـــــــــــــۆر
ئـــێمەین کـــراینە (ســـــەرباز) بەخـــورت و بـــۆ گـــۆڕ
دەنـــا نە ئارەزوومــــانە، گیـــانەکەم جلـــی بـــــــۆر

زۆر کەس ئەبێـــتە کۆســـپ، بـــۆ ریێنیشـــانی ئـــاییینی ئیســـلام
شـــەو و رۆژ، نـــوێژ و رۆژو، کە ئەدویَ (اللـــە)یەتی کـــلام
شـــورەیی و حەیـــا لەو خـــودا گەورە ناکـــا، بـــێ ئـــــابڕو!
لە ژێـــرەوە دەســـت بـــڕو، درۆکــــاری خـــراپ خـــود مەرام

- **لە** 1987/9/13 **نووسراوە**

---

تەمەنــــم گەیی تێپەڕ لە شەست هەر ئــارەزووی سەر دەکا
هەردێی دەڕوا خەیـاڵ پەنهان بێ شـادومان گــوزرە دەکـــا
بـێ ئاگـایە گێل و نەفام هەواداری گــــەرمـەی خــــــەمە
نەمدی و نەمبیست بلێ ئۆخەی شوکر کاڵای ژیانی وەبەردەکا

- **لە ساڵی** 2013 **نووسراوە**

________________________

پێشــــــمەرگە تیشـــــکە، تەوژمە، خـــــۆرە تــــاوە
تیــــــنە، خـــــوێنە، بە گیانمـــــان تێـــــــکەڵاوە
رۆڵەی نەبەردی کـــــــــــــــــــــــــــــــوردەواری
شـــــــوێنەواری وەفــــــــــــاداری لە جێمــــــاوە

- **لە ساڵی** 1992 **نووسراوە**

________________________

دەزانــــی مـــــن لە کرێشـــەی بەســـەرهاتی و ڕەشـــــم
هەڕاجە گیـــــان و، داهــــــات و، لاوی بەشــــــــبەشم
گـــــوریس پچـــــڕکێن هەر یەکەو بـــــۆ خـــۆی دەکـــاکێش
بــێ ئاگــایە لەگیــانی مـــن و تـــۆ، کە چـــۆن دەکـــا ئـێش
لە نـــاو دەریـــای داهـــــــــاتی پـــڕ هــــاتی بەهـــاتی
لەســـــەر لاشـــــەی هاوبەشـــــم لە پــــــڕهاتی کە هـــاتی

________________________

# هەستی پاک

زۆرمەدی لە ژیان ژین بەسەر بردوو
پەرێشان ڕاستی، بۆ چەوتی ئارەزوو مردوو
ئەندێشەی ئەڤینی شەرمینی زادەی مرۆڤە
نایوەشێنێ موکم، پوخت، ئەکتەر ئاسا بێ پڕۆڤە
شەونخون هزروهێزی داخونە بە خولگەی ڕاستی
سۆز و پەرۆشی سروشتی بە کڕنوشەوە ڕامە لە ئاستی

---

بۆ ژێر سێبەر بەرد، دار، دیوار
سۆخۆی رووڕەش هات سەرە خوار
بۆمب، ناپاڵم و شەستیر ڕەژێنی کرد
بێچارە دەبوو پیرو کۆرپەلە، بێ شیرو دەوار

- **لە ساڵی 1974 نووسراوە**

---

زۆرمدی و بیستم بوونە خودان شکۆو برسی کورسی
نەپڕژایە پەرژین ناموس و داڵدە هەوەس، نەوس و تەرسی
زۆرن لەو جۆرە ڕێویانە خۆ بەزان زانا توانا و بوێر
بێ راوێژ لە تاوە یەک رکێف، ئاکام سەرەنگون نەوێر

ژیـــــن خۆشــــــه گەر لێــــبگەڕێن بە ڕەوا ئەوهـــــــا بـــــژی
وابەســــتەی ئیبلیســـــن، بـــێ ســــایە کەوا ئەوهـــا بـــــژی
لە خەیــــاڵی بێبنەمــــایە ئەو ژیــــنە چـــۆن دەگـــــوزەرێ!
سروشــــتی بـــێ ڕەوشـــتی هەر تـــاوانە کەوا ئەوهـــا بـــژی

---

## ژیـــــان

ئەو هەمـــوو جموجـــۆڵ و پەلە پەل خەڵکـــان ئـــا لەم ژییـــــــانە
هـــاوار بە مـــاڵ و گیـــانی ئەوەی پشـــت لە پەیـــڕەوی قـــــــورئانە
ئەو ڕێچـــکەو شـــەقامەی تـــۆ تێـــپەڕو بە ســـــــــەریـــــا دەڕۆی
خـــاوەن پەیـــامێکە خـــاک، تـــۆ وەک یـــاپراخ پێچـــــــراوەی پەڕۆی
کە بە تـــۆی بەخشـــی و ســـپارد بـــێ ئەژمـــار پـــلەو پـــایەو بەهـــــرە
جگە خـــودی خـــۆت بـــێ پشـــکە بەو دەردو تـــاوان و چــــــــەهرە
مەژییـــیە بـــۆ ئەو ژیـــانە بگـــرەو بخـــۆ بەرِکـــت پـــڕکەو گـــێ مەدێ
تـــۆ نەزانـــی لە بەزانـــی نـــۆرەی وشـــک بـــێ تەڕی ئەو گـــۆمە دێ
دەســـتەواو زبـــارە وەک جـــاری جـــاران تەبـــا دوور لە کێشـــــــەیێ
ئەو ڕێچـــکە بگـــرە گیـــانی مـــن ئەگەر نـــا بخۆشـــە یەک ووشـــەیێ

---

## به جیهانیکردن

لەم ساتە وەختە، وا قۆرخ کراین لەم خولەی ڕۆژگار
پڕ بەهرە لە ژیان بۆ یەکتر شیان، ئارامگە شەوگار
لە پای چی بوو وێنای کردم بە جیهانی کردم واتە عەولەمە
لە چاوی کردم زۆری لێبردم ئاخنییە ئەو بەلەمە
تۆ کوردی زبان شێوە دەوڵەمەند گەلێکی وشیار
وشەی کوردی هەن ڕەسن، کەچی بیانین لە مۆڵ و دیوار
لە ژێر گۆی ناو بەعەرەبکردن ماوە قەدەر هێشتا
بەدەر گەمارۆت وا گەیی یە کاڵاو، جەستەو ڕیشتا

- **لە ساڵی** 2015 **نووسراوە**

---

بێ بیرو راو تەدبیر، بڕیاردا گەر کەسێ
موکم نەبی لە کارا سەرنەکەوتە هەر کەسێ
کە بێ پشتی لە خودا و خۆت لە کاردا و قەوارە
کێشمە کێشمە نازانێ با، دەباتن ئەو دەوارە

- **لە ساڵی** 2015 **نووسراوە**

---

سلاوت لێ بێ خوارزای شیرینم
لە کانگای دڵم دڵتەنگ و حەزین
غەم مەخۆ دنیا هەروایە پوچە
شێوەی رۆژگارە، هاتۆتە بەزین

- **لە ساڵی** 1987 **نووسراوە**

---

## شادی

جوانیم بۆ بۆچییە گەر شادی نەبێ
رۆژم بۆ چییە گەر تاوی نەبێ
ناوم بۆچییە گەر شیاوی نەبێت
چاوگەم بۆچیە گەر ئاوی نەبێت
ژینم بۆ چییە گەر سەربەست نەبێ
گیانم بۆچییە خوا بەندە هەست نەبێ
شوانم بۆچییە گەر خۆی دەعبا بێ
مرۆڤم بۆچییە یاری گۆمڕا بێ
هۆشمەندیم دەوێ مێشکی نەگلا بێ
بیرو ئەندێشەی کوردەو ڕەوا بێ
بەرزیم بۆچییە چەوتی ڕەوشت بێ
ڕاستیم مجێزە، بەرژەوەند گشت بێ

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

# لانەی کوردنشین

هەژا ڕژا و پژا پرشنگ و شنگم
لەناخم داخم لە ئاستی ئەم و ئەو تەنگم
ڕەواجی ناکۆکی کەی ماوە، باوە
بێکارو نەداری ئەمهاڕن، کە بۆی فەڕەنگم
ئاواتم بوو رۆشنبیر، گیان لات و ڕەشم
ببینێ خزم و خۆیش نیگای گەشم
وا چڕ و پڕ خەست و مەست پێ گەیوو
لە چوار تێپەڕی زام و، بیری بەش بەشم
خۆشەویستی ماک بەستوو بە ئەندێشەمدا
پتەوتر لە وەلی بۆ لای خانم شەمدا
ئەوەندە پەرێشان و هەوادارم ئەمن
ئاوێتە خوێن وجەستەم نیشتیمان، لە کاروپیشەمدا
ڕەهێڵە دەکا وا دیدە خوێنینەکەم
بۆ خوێنی پاکی لەیلاکەم کە مەیلەکەم
با گوڕ گوڕ دڵ و قودسی نیشتیمان
لاشەو جەستەی کوردنشینە دێرینەکەم

---

لەو ژینە پڕ شین و کۆسپ و لەمپەری
دادەپڵۆسی بەدەن سیما و هەم سەری
هەرکە ئیشی کەوتە دەست، بە خاوەن کورسی
خود ئارەزوو بێ هۆما، دەنوشی و برسی

هەردەم خۆم دەئاخنمە ناو ئامێزی
نامۆم و دەخریمە لاو، پەراوێزی
دیارە زگماکە ئەم بەش و کەشە
نەمدی کەڕەتی بمگرێتەخۆ، بەڕێزی

---

ژین لە تافی لاویا موکوم کارامە
بێ ڕەتوش قەشەنگە نایاب بۆ و بەرامە
کێبڕکێی، دانا، توانا و هەناسەی گەرمی
پڕ لە ئارەزوو، بنبەست، شڕۆڤەو مەرامە

---

خۆزی چرکەیێ خۆشیم ئەدی بەشی لە شادی
ئافەرین بۆ دڵ کە بەختی رەشی لە، لەشا، دی
ئازادی ووشەی ئاواتە لای هەموو گیانێ
کە بەندم ئەبێ ئازابم؟، ببینم دڵشادی!

- **لە** 1987/6/23 **نووسراوە**

---

بێچارەو دەرمانە برینی بەسۆی ناخی دەروون
لەسەرخۆ ئەتوێتەوە مرۆڤ لە ژانی گەردوون
بەرەو لێژی دەڕوا گیانی بێ سەوادی
بێ هێزو توانا پڕ مەینەت، ناکاو سەرەنگون

- **لە** 1987/6/13 **لە بەندیخانەی بەسرە نووسراوە**

ڕەو ڕەوی تـــاڵی نەبڕایـــەوە لـــە ئەرشـــیفی ژیـــــــن
هـــەر بـــەردەوام دێ و نابڕێتـــەوە نـــزاو شـــیـــــــن
چـــوار لای داپۆشـــت ئەژدیـــــــهای زوڵـــــــــــم
ورگـــی مەســـت نـــابێ لـــە مـــرۆڤ بـــێ خەیاڵـــە لـــە بـــەزین

- **لە** 1987/6/23 **لە بەندیخانەی بەسرە نووسراوە**

________________________

زۆر ئـــــەبینم لـــــە نـــــاو خـــــەڵک بـــــێ هێـــزو لاوازن
ئەوانـــەی بـــە توانـــاو بـــەرزن پـــێ یـــان دەنـــازن
هـــۆش بـــە مێشـــکیان نـــایێ ڕۆژێ لـــــە ڕۆژان
پیـــر و لێکـــەوتوون، نـــزا لە خـــوا دەخـــــــوازن

________________________

گـــولی بـــا بـــردووی ژیـــنم بـــوژایەوە دەرچـــوو
بە دەرچـــوونم لە بەنـــدا گـــولی شـــادیم دەبـــوو
شـــــەو و رۆژ بەو خەیـــــاڵە دڵـــخۆشـــــــم
وەک مانـــگ لە شـــــــەوی تـــار بێـــــتە ڕوو

- **لە** 1987/6/28 **لە بەندیخانەی بەسرە نووسراوە**

________________________

سروشت چاوگەی بوونی شیرین وترش وتاڵە
دەیدا و دەیبا جیهان بەسەر هەموو شت زاڵە
شەو و رۆژ دێن و دەڕۆن یەکسانن لەم کارە
هەر خوا پێزانە لەو فرمان، جوڵەو خوێن ئاڵە

---

بە گەورەو بچووک نییە، مرۆڤی ژیرو تێگەیشتوو
وەیا هێزو بازوو لە پلەی بەرزیی دانیشتوو
کەڵک وەربگرە لە قسەی مرۆڤی لێهاتوو
لە کەلەپوور و باب و پیرانی رۆیشتوو

---

بەفری سەرکۆساری رەنگینم دیسان وا تووایەوە
وەک فرمێسکی ئاڵ لە چاوی من ورد ورد تکایەوە
ڕاچڵەکی دارستان، باخ و گوڵستان لە هاڕەی
خوڕەو شەپۆلی ڕووبارەکان هەژایەوە

- **لە** 1987/6/29 **لە بەندیخانەی بەسرە نووسراوە**

---

من کە دڵداری جریوە چۆلەکەو باڵداری باخەکەم
پەروەردەی کانی و چیمەن و جۆباری ئاخەکەم
خامۆشی شەوگارە، بەهارو بەهەشتە شوێنەکەم
بەهیوای کزە و شنەبای لوتکەی شاخەکەم

مرۆڤی تێگەیشتوو لە ڕاستی ئەبێ بگا
پاڵەوانی و زیرەکی بە زانستی پێ بگا
باوەڕی هەبێ بە بوونی کردگارو،
قورئان و محمد(د.خ)، وون نەکا ڕوگا

- **لە ساڵی** 1987 **نووسراوە**

---

گەر یەکێ خۆویست بوو تۆ مەیلاوێنە
مەبە ولاشی لە گشت ڕێ و شوێنا
دەم هەڵدەپچڕی قسەی ناپەسەند و جوێنە
کردەوەی وا دەکا بێ مانا، بەبێ وێنە

- **لە** 1987/7/1 **نووسراوە**

---

پیاو لە ژین نابێ، بە بێ کۆسپ و تەگەرە
لەسەر زەوی دەبێ ببینی ئەو سەنگەرە
ژیان هەمووی جوڵە و پێویست و شیکارە
مەبە دوو دڵی و هۆ و ئەو ئەگەر ئەگەرە

- **لە** 1987/6/4 **لە بەندیخانەی بەسڕە نووسراوە**

---

له بەندا بچێژە ئەی گیانی پڕ مەینەت و بێ حاڵم
کەی کۆتایی پێ دێت وێرانیشە ماڵم
حوکم سێ ساڵ و نیو بێ جێگە و بەر ماڵ
له (بەسرە) دوور له کەس و کار ماڵ و مناڵم

- **له** 1987/7/8 **نووسراوه**

---

دڵ ئەهەژێ پەرێشان بۆ دیتنی کەس و کارم
نەبوو کەسێ له ژینما ببێت یارو خەم خۆوارم
خوای بێ خەم، بێ کەس و نەبەز هاوار
بە تۆ دڵخۆشم کە بێ هۆشم، بکەی رزگارم

---

لەسەر شانۆی داستانی پڕ له ئێشم
بۆ نایێ، بە میوانم، فریشتەی گیان بکێشم
لەو ژینەی وامشت له ئاهو پڕ له زام
خوا ڕوحمێ بکە بە حاڵی لاشەی پەرۆشم

---

نامەی دووری دڵخۆشی و کلیلی بەندی دڵە
فەرامۆشی دڵگوشی مەرهەمی زامی کوڵە
نامە له دوور یادگارە کە دێتە بەرچاو
خاو ئەکا ئەندامی لەش، شادی دڵە

- **له** 1987/6/20 **له بەندیخانەی سەربازی (بەسرە- درێهمیە) نووسراوە**

ژیـــن لەو کـــاتەوە خۆشـــــە کەوا بـــێ  فـــامی
کە هۆشـــت هـــاتە بەر گیـــــان پــڕ لە  زامـــی
پـــایە بەرزی لە ســــەر شـــــانۆی ژینــــــتا
کە دابەزی، بەزیـــی بـــێ بەهـــاو بـــێ نـــامی!

*لە 1987/5/22 لە بەندیخانەی سەربازی (بەسرە- درێهمیە) نووسراوە

---

لە بەســەر هــاتی ژیــن ئــاوڕو وورد بەرەوە کە چــۆنە
گێــــــژو وێــژە خــولی ئەم گەردوونە کـــــــۆنە
شــوون بــزری کــردن چەنــدین شــــۆخ و شــــەنگ
وا  هەر بەردەوامە مەلەوانە وەکــــو ســــــــــۆنە

- لە 1987/7/14 لە بەندیخانەی  ئوم قەسر نووسراوە

---

بــــۆ ڕۆژی  رونــــاکی گەش،  ئـــــارەزوو و ئـــــاواتمە
پەرژیـــــنە دەورم بە تـــــــاریکی کەوا نەهـــــــــاتمە
ســـــەردێنم و دەبەم بەو خەیــــــاڵە دەژیـــــــــم
بـــــێ گومــــــانم دەکێڵـــــــم ئەو  زەویە پڕســـــاتمە

---

بـــــڕوانه ســـــەیری کارەســـــاتی ئەم ژیـــــنه پڕســـــەختە
گشـــــتی نەفـــــرەتە و ئافـــــاتە شـــــەمامەی تەخـــــــــتە
هەرکەســـــێ بـــــۆ خـــــۆی ڕائەپچڕێنـــــێ ئەکێشـــــــــێ
ئـــــادەمیزادە ئەچەوســـــێ و ئەخـــــورێ ئەڵـــــێ بەخـــــتە

---

خوێنـــــــدن کـــــــۆڵەگەو بنچیـــــــنەی ژیـــــــانە
خـــــــۆراکی بیـــــــر و هـــــــۆش و گیـــــــــانە
تیغـــــــی نیگـــــاهی دژ نەزانینـــــــی و زیـــــــانە
تەوژمـــــــی تیشـــــــکی ڕونـــــــاکی جـــــــیهانە

---

گـــــــوڵ کە ســـــــووتا نابووژێتـــــــەوە
دڵـــــیش مـــــرد لە جیهـــــان ناژێـــــتەوە
ڕاســـــتیش لە چەوتیـــــدا ناشـــــرێتەوە
فەلەک لەخولـــــدان ناســـــەنگرێتەوە

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

---

دڵـــــــــــم لە ناخـــــــــت ئەڕوێتـــــــــــــــــــەوە
خۆشەویســــــــــــــتیم قەت ناســــــــــــــــــڕێتەوە
تـــــــــا ڕۆژی مەرگـــــــــــم گیانیـــــــــــــــــش
لە ئەندێشـــــــــــــەدا نـــــــــــاوت ناســـــــــــــرەوێتەوە

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

---

## مــەکۆی مێژینەم

لانەی دێـــــــــــــرینم مەکـــــــــــــۆی مێـــــــــــــــژینەم
تەم و مـــــــــــــــــــژەکەت ئەڕەوێتـــــــــــــــــــــەوە
لە چـــــــــــــــوار وەرزەی ســـــــــــــــــــــــاتەکەت
هیـــــــــــــوا و بەهـــــــــــــار و نەورۆزت دێـــــــــــــتەوە
چەنـــــــــــــــدین گـــــــــــــوڵ و بەڕوو درەخـــــــــــــــت
ملیۆنـــــــــــان ســــــــــــاڵە لە باخـــــــــــت دەڕوێـــــــــــتەوە

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

---

دڵ بە سۆزتر گازو نەوتە
سەندی گڵپە پەک نەکەوتە
توند و تیژە زۆر بە سۆیە
گڕی گەشە وەک پشکۆیە

- **لە ساڵی** 1976 **نووسراوە**

---

ڕەوڕەوەی بەد پیس و سپڵە
لە مرۆڤ ئەسەنێ کەللە
لە خاکی خۆمان نەدیدەم ئاڵا!
تەوژمی خەمە وا سەنگە زاڵە
بەرد لەجێی خۆی بە سەنگە
پیران ووتویانە: وانی یە، ڕەنگە!
ئێمەی خۆ خۆر و بەبێ هەستی
باوە لە ناومان بیانی پەرستی
سا من چیبکەم گەورەی جیهان
مردی ویستەن زیندی کوژان

- **لە ساڵی** 1976 **نووسراوە**

---

# لێـمـگـەڕێ

دڵ بە تاسەی
پڕ هەناسەی
مەست لە ئاوات
تێ دەکۆشێ
بەرەو گۆشێ
سەرنج ئەبات
کۆشکی هیوا
چەماو ئەنگوا
سەیرە ئەڕوات!
هۆدەی جەمی
تەمای ڕەمی
کوانی خوات؟!
تاکەی چاخی
لەژێر یاخی
شەپۆڵ بدات

ئارەزووی تۆم
تۆش، ئەتۆم
ئاکاری ناتەبات
مەچەک زاڵێ
بەڕووی تاڵێ
ڕەوڕەوەی ناڕوات
هەنگوین بە زۆر
چۆن بە چ جۆر
هیچ زار نایخوات...!
بگرە بە بەریا
پەنگ بە دەریا
نەسەیرە بڕوات
مەبە بە کۆسپە
بەر دڵم تەس بە
بابگەم بە ئاوات

- **لە ساڵی 1980 نووسراوە**

# پەڕلەمان

کۆرپەلەی ساوای دایکی کوردستان
سەلماندی جیهان بۆ کورد پەرلەمان
کاوە دایڕشت بۆ نەوەی کورد هۆز
هەتا هەتایە بن نایە نەورۆز
سەربەخۆ، ئازادی، دیموکراتی بوو
ستراتیجیەتی کوردی یەکگرتوو
ئەی کوردە فام و بیر و هۆشت بێ
بەسە ئاژاوە، وریای خۆشت بێ
دوژمنت بۆتۆ هەر بەردەوامە
بۆ لە ناوچونت بە گوللەو خامە
تۆش بنیادەمی نزمترنی، لەوانە
گەر درێغی بکەی، بێ ئابڕوی تاوانە
فارس، تورک، عەرەب، ئینگلیز
بیربکەرەوە هەرگیزاو هەرگیز
بلیمەتی تۆ، تەمەنت چەند هەزار ساڵە
پایەداری تۆ کەچی کورسیت بە تاڵە

- **لە ئایاری** 1992 **نووسراوە**

---

نەمبیســـــت، نەمـــدی جـــگە یاســـا ڕەســـەنی خـــــودا

هەرچـــــی بـــوو کە بـــوو ئێســـــتا و لە داهـــــــــاتوودا

خـــۆش و نەخـــۆش دەبـــێ بـــژی بەرنـــامەی کردگـــار

ســـــەربدەی بارەگـــــای هێـــژای مــــــــــــەزن خـــــودا

- **لە ساڵی 1976 نووسراوە**

---

هەمـــوو کەس ئەڵـــێن بـــێ کەســـین، کەس بـــۆ کەس نەمـــاوە

لە ژێـــر ئەم جـــم و جـــۆڵی جیهـــان گیانمـــان تـــــــــــکاوە

لە ســـای برایەتـــی و یەکگـــرتن  لە ژیـــان زگمـــــــــــــاکە

هەزاران دەرد و بەڵاو، شـــــــــــــــوم پێمـــــان لکـــــاوە

- **لە ساڵی 1976 نووسراوە**

## یەزدانی من

بەهێــــــــــــزو توانـــــــــــای
زانــــــــــــــاو دانـــــــــــای
گشـــــــــــت جیهانـــــــــــای
ئەتپەرســــــــــــــتم بە دڵ و بەڕوو
دڵ قـــــــــــــــــــــــــــەڵایە
ڕووی پـــــــــــــــــــــــۆڵایە
پــــــــــــــڕ تەقەلــــــــــــــلایە
بــــــــۆ قورئـــــــــانتم ئـــــــــارەزوو
ڕوح و ژیـــــــــــــــــــــــــانم
خۆشـــــــــــــــی و گیـــــــــــانم
مـــــــــــــان و نەمــــــــــــانم
بەنــــــــــدەتم خـــــــــودای هەمــــــــوو

- **لە ساڵی** 1976 **نووسراوە**

---

رابـــــــووره ژینـــــــی ســـــــــــاکار
سەرپشـــــــــکە لاوی هۆشـــــــــکار
لەژێـــــــر چنگـــــــی زینـــــــــدەگی
شـــــــــــەرم نەکەی بێـــــــــــیەکار

---

بیـــــرو هەســـــتت هەرزەکـــــار
نەخەیـــــتە پێخوســـــت رۆژگـــــار
چـــــونکە جـــــاری وا هـــــــەیە
دەتخـــــۆن شـــــەپۆڵی خوونکـــــار

---

بەدانیشـــــــتن دڵ بێـــــــــــزار
دەردت دەبـــــێ بەرەنـــــــــگار
بـــــگە بە کـــــاروانی کـــــــــار
ئەی لاوی ئێســـــــتەی هۆشـــــــیار

- **لە ساڵی 1976 نووسراوە**

---

گـــــوایە ئەڵـــــێن جەژنە کە جەژنە
بە ئەم بـــــالا و بە ئـــــــەم بەژنە
غەم دەم دەم بـــــێ شـــــــــومار
دامـــــدەکوتی بەنەزمـــــی ڕەژنـــــە

---

ئاواتم بوو لەژێر گۆ زوڵـــم دەرچـم
کەچی تارمایی یەکیتر بووە بەرپەرچـم
قاڕو قڕی نەبـونی ئـــــەمـــــڕۆ
دکتاتۆرێکی ترە، کەچی بۆی مل کەچم

---

بەناوی خودای گەورەومیهرەبـــــان
کردگـاری، خـودان بەروبـــــــــان
پەروەردگار، بژێودەر، بونــــــــەوەر
ئاشکراو پەنهان خێوی سـەران و زوبان

---

لە بەینـــــی رۆژهەڵات و رۆژئـــــــاوا
ئەتـــۆم و نیتـــرۆن، پـــیس و نەڕەوا
بیـــری ناپەســەند برمێـــــنی خـــودا
زانســـــت بەڵایە بە جـــــــۆرێکی وا

---

دڵـــــــم ساف بوو سافێکی بێ غەش
چ ڕویـــــــدا لە مـن ڕوداوێـــکی ڕەش
کە من نەدیدەم گوڕاحی خۆش و گەش
وابیـــر و هۆشـــم بـــڵاوە، بەش بەش

- **لە ساڵی 1978 نووسراوە**

# شادی دڵ

لە ناخی دەرونی پڕتاو قەشەنگ
چۆن بەرزی ئاسۆی تیشکی پێشەنگ
داتەپی شەوە زەنگ لە ناخی سەوادی
بوژایەوە زیندەگی بەرەو زەمینەی گوشادی
ڕەهێڵە کردو شەپۆلی زانستی کوردان
دڕی و گەی بە ئاسمان بیرۆکەی مەردان
لە شادی دڵ ئەوەندە خۆشم بە هۆشم ئامان
بە یەکبوونی کوردان لەمپەرو ناهەموار نەمان
لە شاخی پڕ ئاونگی سوور ماندووی بەدەن
کە شاڵ و چۆخەی سوارەی رۆژانی وادەن
پێشمەرگەی دەرگەی ئازادی و، ئاشتی
مۆڵگەی بەست دژ نەیار کردی قاشتی
نەوزادە نەژادی ماد، لە گەرو بە گەرو
بیسەنێ مافی نەتەوە وەدەرنێ لە گەروو
ئەوکەسە نەبەردە کە مەردە و چالاکە
بکۆشێ، بخۆشێ، سینە لێبوردوی والاکە

- **لە ساڵی** 1998 **نووسراوە**

---

## خۆشترین جێگا کوردستانە

خۆشترین جێگا رۆژگاری گەشتە
خاکی کوردستان، شێوەی بەهەشتە
دەشت و کێو بەهارە مشتە
لە بوکی نەورۆز بازاڕی گشتە
باشی بزانن گەلانی جیهان
(مید)یایە جەستم شوێنم بەهەشتە
قەراج و زاخۆ و سلێمانی ، شنۆ
کۆبانی، ئەنتاب، هەرکێوە، دەشتە
گەر بالای زاگرۆس خاکی سروشتە
داوەرایەنەوە لەم دەورو پشتە
دووری بزانە بچێ لە خشتە
کوردستان ماکە پیت و بڕشتە
بە گشت و دەستە (مید)ی ڕەوشتە
کاری خودایە گوڵزارە و گەشتە

- **لە ساڵی** 1975 **نووسراوە**

---

# کوردستانی من

کوردستان لانەی کورد زووبانە
ئەندێشەی بەرزی پیر و جوانە
لە نزم و بەرزی بەژنی چیا
ئاوازی رەشەبا، وشەی زریانە
دەنگ و خوڕە و هاژەی ئاوان
برەسکە ڕەنگی سۆزی لاوانە
بۆیە منیش خەریک گریان،
پەرژینم رەش و یاخی سەیرانە
نەژادی کورد چەند هەزار دانە
لە پێش زایندا لە ژێر دەستانە
بیستەهەم سەدەی چریکەی بولبولان
لە کێو و چۆلی ژین بێ ئالآنە
لەم چاخی کوشتەو شێلانە
تریشقەی هەورو گرمەی بورکان
قۆناغی بێ قۆناغم کوێستانە
کەوتمە ژێر باری نەو زەمانە
کوژەر و کوژراو جووتە بران
بەزم و سەیرانیش چاوی بێگان

- **لە ساڵی** 1975 **نووسراوە**

## كوردستان ناسی

بـــــــــكەن گاســـــــــى          رۆژنـــــــامە نووســـــــى
بكـــــــا باســـــــــى          كوردســـــــتان ناســـــــى
بپرســـــــە لە مێـــــــژوو          بە بـــــــێ پشـــــــوو
بـــــــۆت دەخـــــــاتەڕوو          دەزوو بـــــــــە دەزوو
بـــــــراى پـــــڕ هـــــۆش          دەكـــــا ســـــەر خـــــۆش
ڕووت و ڕەجـــــــــــاڵ          دەخـــــــاتە جـــــــۆش
جـــا چـــۆن نەكەم لە پـــێ          لەدێ پـــــێڵاوم كڵاشـــــــە
بكـــوژم بە كـــۆمەڵ ودەســـتە          تـــێ هەڵـــدەم لاشـــە بە لاشـــە

- **لە ساڵی 1976 نووسراوە**

# هەڵسە نەورۆزە

هەڵسە، ئەی جوان، دەنگی مۆزیکە
نەورۆزە قوربان سەرنج، گەنج و تۆزیکە
لەم ڕۆژەی نەورۆز، بیرو هۆشت بێ
دژی شەوەزەنگ، خۆرە تاوت بێ
نەورۆزە نەورۆز، نەورۆز ساڵی نوو
بڵێسەی ئاگر بۆ ئاسمان هەڵچوو
نەورۆز ئەو ڕۆژە ئەبەد پیرۆزە
چرای ڕووناکی ڕێگەی کورد هۆزە
بچریکە بولبوول،لە نزم و بەرزی گوڵان
بچڕە سەدا و سۆز،بۆ ناخی گەلان
کاوە ڕابەری خوێن گەرمی بەسۆز
پێشەنگ و داهێن ئەندازەی نەورۆز
دیسان هاتەوە ڕیزە گوڵ بەکۆ
سروەی بەیانە نەورۆزە ئەوڕۆ
کاوە رابەری خوێن گەرمی بەسۆز
بووە پێشڕەوی کوڕ گەلی نەورۆز
بڵێسەی ئاگری ئەم زاتە پیرۆزە
کوتکی پۆلا دڵی کاوەی دڵسۆزە

- **لە ساڵی 1976 نووسراوە**

## ڕەسەنایەتی

جوانترین جوانی لاوە
پشتێن لە قەد ئاڵاوە
کۆفی کڵاو جەمەدانی
کڵاش پێڵاو کوردانی
ئەندێشەی نەو بەهارە
فێرم زوبانی کوردی
بە دەشت و کێو و هەردی
هۆی جوانی و هەرزەکارە
شەرمە بکەم لە بیرم
ڕەوشتی باب و باپیرم

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

---

## پەنا بەخوا

هەر تۆ ڕاست مەندم خودا
هەرتۆ پەرستەم خودا
هەرتۆ بە دادی خودا
تۆی لە تەنگ و شادی خودا
یەک خودام هەیەو بەس
تەنهاو میهرەبان و بێ کەس
لەو زیاتر هێزیتر نیەس
بۆیە ئەو پەرستەم و بەس

ووریـــاتم لە تاریکیـــت ئەی ئەو شـــەو
ڕۆح لە چـــــــــــــۆڵم لەش لە خەو
ڕەوتـــــــی پـــــۆڕە و جـــــوانی کەو
دڵ پەرێشـــــــــان بـــــــــوونی ئەو

---

## کانیاو

بە فرمێســک تــک تــک بە چـــــــــاو
بە چنگــی گــژ بە هـــــــــێزە بە تـــاو
کـــردم وەدی کانیـــــــــاوی ئـــــــاو
هـــاوار بە ماڵـــــــــم ڕمـــا ناکـــــــاو
چەمـــا بـــاری ئاســـــۆ هـــــــــەتاو
نەمـــا بەرزی دیـــــــــــدەی تـــــکاو
پێخوســـــــــــت گـــوڵی بـــاغی ژاکـــاو
شـــــــــەرمە درێغـــی بکـــاتن پیـــــاو
ووشـــک ناکـــا ئـــــــاوی چـــــــاوی
دەرمـــانە بـــۆ گوڵـــــــــــزار هەتـــاو
پێویســـتە خوێنـــدن، بـــۆ مێشـــک زاخـــاو
بـــزوێنە، چەشـــنی دەریـــای پنگـــــــــاو

- **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

## راستی

پیاو ئەو پیاوە
خۆی مەرد ماوە
خۆی بگونجێنێ
کە جێگەی لەق یوو
رۆژی مەولەق بوو
خۆی نەڕەنجێنێ
پێویستە لەژین
لە دنیای بەرین
چاکە بنوێنێ
بەڕاستی، ڕاستە
هەر ڕاستی ڕاستە
پنج بچەسپێنێ

• **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

## مەبەست

گزە گزەی هەنگ
لەلانەی تاریک و تەنگ
خوول دەخواتەوە زرەنگ
لە بان شانەی شەنگ

* **مەبەستی هەنگوین کردنە**

بێری کە مەڕ دەدۆشی
فڕێ دەدا لە دەست و تەشی
مەنجەڵ دەخاتە کۆشی
بە پەنجە گوان دەگوشی
*** مەبەستی شیر دۆش کردنە**

لە ژێر دەست و پەنجە
هێلانەی مەمکی قنجە
ئەمەش کارو پیشەیە
بۆ عاشق ژیان و ڕەنجە
*** مەبەستی ئاشت کردنە**

منیش خەیاڵ و هەستم
ئارەزوی دیدەی مەستم
بە خوڕەم بارانی چوستم
لە چاوم دەماڵم بە دەستم
*** منیش مەبەستم یەکگرتنە**

- **لە ساڵی** 1978 **نووسراوە**

---

بەسیە باسی ئەو هەموو کەللە پووچ و بێ باکە
هەمووی بەخەڵاتی سوونەت و تەلی داری ئەو سیواکە
کێ هەیە جگە ویستی خوا خزمەتگوزار
بێ سوودە ئەو هەموو فڕوفێڵ و راکە راکە

## بڵێسه

به سـوزتر له گڵـپه بۆمبـای ئـازادی
گەرمتـر له تیشـکی خـۆری خـودادی
پـردە گیـانم بـۆ ژێـر پێـت
هەرچـی بڵێـی تـۆ لێـت دێـت
دەنگـی بەرزی کـورەو لاوە
بەگشـت ئەنـدام گیـانم بـڵاوە
بەکـانی و تـاڤگەی ئـاوا پـڕ
دڵـم سـەندویه سـۆز و گـڕ
بڵێسـەی ئـاگری نەورۆزی تـۆ
پەخـش و بـڵاوە بە جیهـانی پشـتگۆ

- له ساڵی 1977 نووسراوه

---

## بـەهار

ئەورۆ نەورۆزە خۆشـی
گژوگیـا عەردی پۆشـی
چیـا و ئەو باسـک و باسـک
دایپۆشـت، گـوڵێ نـازدارو ناسـک
گەورە و بچـوک بە کـۆ و بەدەسـتە
بۆ دەشت بە ڕێگەن پۆستە بە بەپۆستە
سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دهۆک
شـای و سـەدایە زێـڕی پـڕ بەرۆک

- له ساڵی 1978 نووسراوه

# زانین

کاتێ پرسیم
لە مێشکی برسیم
ووتم بفەرموو:
بۆ بێ هەستی
مات و ستی
شێڵ و پەستی
سەنگراوە لەلام
ئەنجامی وەڵام
دەمی کردەوە
ووتی: تەوەللام
سەری هەڵبڕی
دەری خست گوڕی
ناخی بای دڕی
ووتی بێ بەهایە
بێ دەرونە والایە
نەخوونە نەڕونە
نەخۆراک و ئاو
نە پۆلایە
مێشکی من برسی
ڕەوانی هەرسی
جگە زانین
خەندەو پێکەنین
ڕێی روناکی
شێوە باکی

خۆی بە تاکی
دەریا و ئۆقیانوس
پێ خوست دەکالوس
زانین مەرامم
بۆو بەرامم
پایە و کەرامم
هەر ئەوە ئارامم
بۆیە تەوەللام
زانینم دەوێ
چونکە ناخەوێ
بێ باک ناکەوێ
ڕوخساری والایە
قەڵغانێکی پۆڵایە
زانین جۆکەرە
پەسارگەو سەنگەرە
شەپۆلی پڕ لەنگیرە
گڕی نەوت
دژی چەوتە
تروسکەیە،
لەپەک نەکەوتە
خواردنتە بژێوتە
تیشکی هەستە
ووریایی و کەستە
هەر ئەو بەستە

• **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

گیانە ژیان ڕێکخەرە هەمووی گرفتارین لە چنگە بازێ
نابینم بەدەگمەن نەبێ، نابێ بە پرد یا بەردەبازێ
لەو ژینەی کە تێی ئالایە ئاشکرایە والایە
لێبووردەیی لانەنگە خۆی پێ دیارەو بالایە

---

ئەو دنیایە کە ماوە، لە باوە داوە
بۆ من و تۆ و ئەو بۆتە سەرچاوە
لە ڕێڕەوی بوون و نەبوندا دەڕوا
کێ بردی و دەیبا بە ڕاستی دوا ڕەوا

---

لە قەیران، تەنگ و هەبوون و نەبوون ڕازی
بردیەوە خودی بێ تەکان و هەنگاو و بازی
دڵ کە بەندو تاریک و تەنگ، تاکە
بێ سێ و دوو لە کردەو پیشەی بێ باکە

---

جیهان بە هەزارەها تێپەڕیوە، شێوە و نەزمی
بە ڕۆژو مانگ و ساڵ، بەڕەزم و بەزمی
هەرچی لە زەوی و ئاسماندا، چەسپاو نەگۆڕاوە
هەرئادەمیی نەفامە، بەش خوراو دۆڕاوە

- **لە ساڵی 1992 نووسراوە**

---

غەم باڵی لە عومومی کوردستان کێشا
نەما کەس نەناڵێ لە ئێشا
کەس بەکەس نا نانسێ بپرسێ
هەرچی هەیبوو کوردیە وورگی برسی

---

بەس غاردەو بینەو بخۆ
مردن بینەوە بیری خۆ
خواپێی داوی بیرو هۆش
چەندین نیعمەتی بەتام و خۆش

---

ئەم هەموو کێشەو ئێش و ژانە
پەلەو هەڵەو جوولە، ئاکامی ڕۆژانە
هەرپێچ و پەنا و دزی و کوشتن
بیر ناکا لە مردن، ئاواتی ژیانە

کردگـــــار، مــــــن و تــــــۆو ئەوەی هێنــــــایە بــــــوون
دانـــــایە، بێـــــوێنە کـــــرداری وا بێـــــــگەرد و ڕوون
تـــــاقیگەیە بـــــۆ گیـــــــــان و بەدەنــــــی ئـــــێمە
کـــــات و بەڵێـــــــنە مەرگ، لە دنیــــــا دەرچـــــــوون

---

لەســــــــــەر ڕوو لایـــــــــــدا پەردەی شـــــــــــەرمی
دای بە فیــــــــــڕۆ خـــــــــوێن گەش و گەرمــــــــــی
بــــــــێ مـــــــــاف مایـــــــــــــــــەوە لە دوو لاوە
کـــــــێ بەرپرســــــــــیارە، لە دەفنـــــــــی تەرمــــــــــی

---

ئەوەی بە ســـۆزو هۆشـــمەندە لە ســـای خـــوایە لە ترســـە
بـێ مەیلـی پـلەو شـکۆ خـودی خـاوەن هـیچ و بەر پرسـە
مـاوەی بـێ مـاوەی تەمەن کەم! گـوایە ژیـرە و ڕەوشـەنبیر
کـۆیلە و بەنـدەی ئیبلـیس بە کـردەی گردگـاری قرسـە

---

لە نـاوکی میحـنەت، رەحـمەتە، دەتگوشـی خـۆت شـیکەرەوە
بەخـت و تەختـی بە تـۆ ڕەوا بەخشـی، بەخشـشـــــکەرەوە
شـکۆمەندە ئـارامی لە خـۆگرتن بـــــــــــــــرای بـێهەوا
ڕووەو خـــوا وەرگەڕێ بەرەو چـــــــــــــــرای بـێهەوە

ئەی بنیـــــادەم هەژارو بـــــێ توانـــــا لە بـــــوون
هـــــات و دەرۆی نەتزانـــــــی لە هــــــاتوچوون
لە ئاکـــــارو شـــــێوە ڕووخـــــسار بـــــێ پەروا
بەخشـــــــــی بە تـــــۆ خـــــودای تـــــاک و ڕەوا

---

بـــــزانە هەرتـــــۆی مـــــنەت بـــــار ئـــــەوی
بـــــێ دڵـــــی خـــــۆت نـــــاکەی لە بەرزی و نەوی
پێـــــت خـــــۆش و ناخـــــۆش دەگەی بە دیـــــدار
نادیـــــارە لێـــــت، لای خـــــۆی کـــــراوە دیـــــار

- **لە مانگی ئابی ساڵی 1997 نووسراوە**

---

فریـــــای خـــــۆت کەوە تـــــۆبەبکە، بپـــــرسە لەو
داواکە بتبـــــوری تەوەکولـــــت هـــــەر بە ئەو
نەیـــــداوە بەکەس بەختـــــت یـــــا بەشـــــت
دەســـا ســـوجدە بـــۆی گشـــت جـــوانی و لەشـــت

---

مـــن بـــۆ دیـــن و زانســـت لـــە ژیـــن تێـــنو
هەرچـــیم دەســـت بـــۆ بـــرد لـــێم بـــوو، بەد ڕوو
پەرێشـــان شـــادی، ئـــارەزوم ئاســـۆ
هەوری ڕەش بەڵەک لاچـــــێ بەرووم زوو

- **لە ساڵی 1987 نووسراوە**

لەسەر لوتکەی بەفری کپ ئەم سینەت
منم پەپولەی گوڵ ڕووی بەزم و زینەت
بڕوانە خاڵی تاڵی گلێنەی دوو دەیدەکەت
جوانە لێت زەردەخەنەی گوڵینەکەت

- **لە ساڵی** 1987 **نووسراوە**

________________________

### دەروونی عاشق

دەرونی عاشق گڵپەی تەندورە
بە جارێ بیرو هۆشی لا دوورە
بەلای ڕامەبوورە بە ڕووی گرژی
توخوا بەشەرعی دڵدارە بیبوورە
کارو پیشەی تاریک نۆشە
دایم حەزی سەر لە کۆشە
تف لە چەهری فەلەک بەدکار
ئەگەر باعیزی من و تۆشە
من کە تۆ دەبینم بە جارێ
ئاسمانی چاوم و وچانیەتی ببارێ
ڕەونەقی پڕ خۆشەویستی ڕوخسارت
وای کرد بدرکێنم نهێنیم بە جارێ

- **لە ساڵی** 1977 **نووسراوە**

________________________

- جەژنـــــــی قوربانـــــــت پیرۆزبێـــــــت گیـــــانە
جەژنـــــــی ڕازیبـــــــوون بـــــۆ ئەو، شـــــیانە
لە زوو و ئێســــــــــــتا و داهـــــــــــــــاتوو
ســــــــەروەری هێـــــــزو توانـــــــا و گیـــــــانە

*لە 2009/11/27 ڕۆژی جەژنی قوربان نووسراوە**

---

هەرچەنـــــد خـــــۆم دەئـــــاخنمە نـــــاو ئامێـــــــــــزی
نـــــــامۆم و دەخـــــــــرێمە لاو، پەراوێـــــــــــــــــزی
وەپاڵەپەســــــــتۆ وەلادەنـــــــــرێم لە ڕیـــــــــــــزی
نەدیـــــدەم بمگرێتەخـــــۆ بـــــۆ چـــــرکە ســـــاتی، ئـــــازیزی

- **لە ساڵی 2009 نووسراوە**

---

کـــــــی هەیە بە غەیـــــــری خـــــــوداو پێغەمـــــــبەر(د.خ)
لە ڕاژەی مــــــــــرۆڤ، پێشـــــــــــــــەواو ڕەهـــــــــبەر
ئەوەی هـــــــــات و چــــــــــوون و ڕۆیشــــــــــــــتن
جێیـــــــــان هێشـــــــــت شـــــــــوم مەرام و کەســــــــــەر

- **لە ساڵی 1997 نووسراوە**

---

مرۆڤ، پەک کەوتە کەچوو بە ساڵا بوە ئەختیار
لە خوا ترسە ، پتر خۆ دوور ئەگرێ لە ئە غیار
لە شەرت و نەزم و گوزەرانی دنیا، ناخەملێ
لا تەریکە بێ فیز، لە پڕو پوچ، مرۆڤی وشیار

---

ڕەورەوەی تەمەن ڕۆیی بەرەو سەرەولێژی
ناهێڵێ بگەی بە ئاوات جوان دەتبێژی
کێ هەیە بڵێ من نەبەزم تاکو سەر دەمێنم
ڕۆژگارت بەرەنگارە ئاخر دەتنێژی

- **لە ساڵی** 1997 **نووسراوە**

---

سەنگ و ڕێزی ڕوبەڕوی ڕوخسارت ڕاگرە
قین و بەغوز، زویر نەبی لە دڵ داگرە
ژین و ژیان پاکی دا بە تۆ پەروەردیگار
بۆ ڕاستی داخونبە، چەوتی ئەنجام ئاگرە

- **لە ساڵی** 1997 **نووسراوە**

---

لە سەر شانۆی ژینت تۆ لە خۆبردوو
بیکە بە بەرنامە ئەوی چوو ڕابردوو
کرێکار ئارەق دەڕێژێ بۆ کۆشک تەلار
ڕێسای ژیانە گیانە، کۆمەک و لێبردوو

- **لە** 1997/7/10 **نووسراوە**

## پێشـــمەرگەی ئەیلـــول

مـــــــن پێشـــــــــمەرگە، گـــــــــوردی ئەیلـــــــــول
بەگشـــــــــت بیـــــــرو، هەســـــــــت و میـــــــــول
بـــــاکم نــــــیە زنجیـــــــرو بەنـــــــدو ئەتـــــــۆم
خاوەنـــــــــدی ڕێبـــــــازی کـــــــــوردم بەخـــــــۆم
ســـــــــوێندم بەمـــــــاکی خـــــــوێن لـــــــــێ پـــــــژا
بەســـــــۆی زامـــــــــی دایکـــــــــی هـــــــــــــەژا
کوردســـــــــتان بـــــــوو، لەمێـــــــژ ئـــــــــــاواتم
پـــــــێ بگـــــــاو، بســـــــــــــڕێ نەهاتـــــــــــم
پێشـــــــمەرگەی بـــــــاوەڕی تـــــــــــۆم مـــــــــن
لە نـــــــــاوبوونی ســـــــــەنگەری تـــــــــۆم مـــــــــن
بـــــازم هەڵـــــــۆم بـــــۆ دوژمنـــــــــــت گـــــــڕم
بـــــۆ نـــــــاحەزو ڕازت جـــــــــــەرگ بـــــــڕم
پێشـــــــمەرگەی گیـــــــان لەســـــــەر دەســـــــت بـــــــووم
بە ئەندێشـــــــــەو بیـــــــر و هەســـــــــت  بـــــــووم

---

نامــــــەوێ کـــــەیف و صـــــەفا، ئاهـــــەنگ رەش بەڵـــــەک
لـــــە رۆژی زینـــــدوو تێگـــــەیووم لـــــە دنیـــــا گەلـــــەک
( فـــــی الیـــــوم البعـــــث) کاکـــــە حەشـــــــــرە تێکـــــەڵاو
کـــــاری وانەکـــــــەی تـــــاوانی رەش بەڵـــــــــــــەک

---

لـــــــه بەینـــــــی دوو ڕوخســـــــاریٚ
بریـــــــایە دەســـــــت ڕۆژگـــــــاریٚ
بە عەشـــــــقی بـــــــۆو گـــــــوڵزاریٚ
لە چەشـــــــنی ســـــــۆو بزمـــــــاریٚ
لەپێـــــــی چەقـــــــی چقڵـــــــداری
لەســـــــەر بـــــــاڵای کۆســـــــاریٚ
ســـــــەرەنگون کەوتە خـــــــواریٚ

- **لە ساڵی 1977 نووسراوە**

---

لە ژین هەوڵ و تێکۆشان نەکەی هیـــچ
بۆ دین و دونیا ڕەوا ڕاهی نەکەی هیچ
لەو کاتە بڕیار  بۆ بوونی خودی تۆ درا
بەرنامەو لە ئاست جموجۆڵیشـــــت کرا

---

مـــن ئـــارەزوو نـــاکەم بگـــا بە زێـــدەڕۆیی کـــردەوەو کـــام
بەڕاســـتی و دروســـتی یەکســـان، خـــۆم هـــــــــەوادارم
کە یاســـا شـــکۆمەندە، ســـەروەرە خـــودی دادەو پێـــوەرە
بـــۆ مـــن بـــڤەیەو بـــۆ تـــۆو ئەو جـــووت کەوانە و چێـــوەرە
منـــیش ئـــادەمی و کـــوردم بەشێـــــــکم هـــا لە ئەو خـــاکە
بـــا نەبـــێ دووپـــات هەڵەی ڕۆژگـــار خەســـڵەتی خـــاک چـــاکە

---

## دەمـــژمێر

ژیـــــــــن خێـــــرایە چەشـــــــــــنی دەمژمێـــــــــــــر
دادەپـــــــــــاچێ تەمەن پەنهـــــــــــــانی و بـــــــــوێر
شـــــــەوگارو ڕۆژگـــــار دەتخـــــۆن بـــــێ ئاگـــــــایی
لە پـــــڕ بە چۆکـــــا ئەتبـــــا شـــــەکەت بـــــووی تـــــووای
چـــــاخی کۆمپیـــــوتەر بـــــاش و باشـــــــتریش دابـــــێ
گـــــــــــشتی دەلووشـــــــــێ و داواش ی بـــــــــــابێ
جـــــــــوانی، بەرزی، ڕێـــــــز خـــــــــــــــودی دادوەری
ڕەوشـــــــی هـــــــزرو بیـــــــر پێشـــــــــــەنگ ســـــــەروەری
مـــــــــن ڕەگەز ڕەچـــــــــــــەڵەک ئـــــــــادەم لە مـــــــادم
چـــــــیم لە تـــــــۆ کەمتـــــــرە نەفـــــــام دەکەی بەربـــــــادم

---

سروەی بەیانی چ خۆش و فێنکە
مژدەی بەهارە کوردستان شوێنکە
ئارەزووم بەرزی، ژوانی ئالآ
بشەکێتەوە، بۆ کورد هەوێنکە
تێنوە بۆ خوێنی زۆردار ئەم دڵە
گیانم بۆ پێی پیاوی مەرد سەر گڵە

- **لە**1987/7/25 **نووسراوە**

---

بە سوێند بە پەیمان تاخستیە دەستی کورسی
وورگ و ئارەزوو مەست گەلیش قیڕوسی
نازانم کەی دێ هەردێ، ئەم بەش و بەختە
بۆ گەل ڕەوایە هەرگیز، ئەم کەش و تەختە
بەرداش ئاسا هاڕری پیرو لاوی ئازا و ژیر
بە من چی مووچەو پایە بەرزی، کورسی وەزیر
لە کالآی بالآی، خۆی پەسەند پێمدەناسێنێ
ترتڕۆکەی پساوە بەم دەمەو، دوێنێش لە پازپازێنێ

---

من لەم دونیایە سەر، سوڕماو ماوم برا
لە ژێر و ژوورا هەرچی کرا، وا کرا
ئەی بۆچی لە سایەی زانست، کۆمپیوتەر
تا گەیی بە کۆ کوشتن چارە و بن بڕ نەکرا

---

له کـــویٚ خەوتـــوون پیـــاوانی مافـــــــی مـــــــرۆ
داخـــواز یەکســـانی، بـــیٚ بـــــەرو چـــــــــرۆ
پەنـــاگەی هەژار، مـــاف خـــوراو گـــوایە ســــــووره
له ڕاســـتی ناگـــا بـــیٚ ئاگـــایه ئـــاژەڵێکی بـــیٚ شـــووره

- **له ساڵی** 1998 **نووسراوه**

---

ئەو جیهـــــانه وا بـــــیٚ کـــــــەم و پتـــــــر، ڕەوانه
له هـــات و چـــوو هەڵـــــس و کـــەوت و دەورانـــــــه
لەو گـــاقی ئـــادەمی بـــوو نەزمـــی بـــوونی چەکەره
ئەوەی ڕاســــــت نەڕووا بـــــــیٚ گومـــــــانه هەر کەره
ئەوەی مـــــن و تــــۆو ئەو، دێـــــنه دیــــده و بەرچـــــاوه
هەردیٚ ودەبـــــــیٚ، خـــــودی خـــــۆی ســــــــەرچاوه

- **له ساڵی** 1998 **نووسراوه**

---

خـــــــوا پشـــــــتیوان تــــــۆ بـــــی ئەی شـــــــۆڕگێڕ
دوژمنـــــــــت بمـــــــری، به بینـــــــاهی کـــــــــوێر
بەهێـــــــزو بـــــــازوو به بیـــــــــری یەکبـــــــــوون
خــــــاوەنی خـــــــودی شــــــکۆ پـــــــایەو، بـــــــوێر

- **له ساڵی** 1979 **نووسراوه**

---

گـــــــــۆم هەتـــــــاکو بمێنــــــــی
پتـــــــر ئەبـــــــێ بـــــــۆگەنی
بەیەک و دوو مەرحەبـــــــــــــــــا
نەچیـــــــیە نـــــــاخی دەروونـــــــی

- **لە ساڵی** 1979 **نووسراوە**

---

بـڕۆ بـۆ سـەروو بـۆ ژیـان شـــــــڕۆڤە
ســەرقاڵی جــوڵەو گیــانی شکۆفــــــــە
بکۆشــە بەرزی بەرەو پێشــەنگ ژیــان
هەر کارو پیشـە، (کێش)ە هێمـای مرۆڤە

---

لە کـــــۆن و ئێســـتەو داهـــاتوو، ژیـــنە هاوکێـــــــــــــشە
چــۆن جومــــــگەی گیـــان، جیهـــان و گەردوون بــێ کێشــە
لە گـــاڤی کە تــۆ بــووی جێــــگرو نشـــــــــینی زەوی
فەراهەم کـرا بـوو بـۆت، قــین و بــوغز لە ڕیشـــە دەرکێشــە

- **لە** 2008/3/1 **نووسراوە**

---

- هەمیشـــــە بەردی بەردەوام، لە ئـــــاوا دەســـــوێتەوە
بەفـــر لە ژێـــر تیشـــکی هەتـــاوا دەتـــــــــوێتەوە
جەنگـــی دەروونـــی بێگومـــان دەخـــــــــولێتەوە
زامـــی ناســـۆرە جەســـتەی کـــــوردان، کـــــوردستان
بـــۆ یەکنـــاگرن یەکـــدەنگ بێپـــــشوو دەکـــولێتەوە

***لە** 1996/6/18 **نووسراوە**

---

تەمەن وا دەڕوا بـــــــــــەڕێوە پەلەو بە تـــــــــــیژی
بـــێ زیـــان بە مـــن و تـــۆو ئەو، پشـــــــووی درێـــژی
بە ئاهـــــــو خۆزیـــــا ســــــەردەنێـــیـــــــنەوە، نەزان
چەنـــدین دانـــاو زانـــای بە گـــــــێژەوە، بـــــــەزان
ئەو ژیـــنە کـــورتە بە میحـــــــــنەت، دڵ پـــڕ ئـــارەزوو
چ زوو گەیشـــــتن سەرەنـــــــگون، بەم، تـــــــــارەزوو
ڕۆژانە گیانەکـــان بە ژێـــــــرو دەخـــــــــرێتە لاوە
لای نەفـــام ســـتەم، ڕاســـت و حەقـــیقەت دەشـــرێتە لاوە
ســـەیرە! بنیـــادەمی دەنـــی، بەرزە لـــــــووت و قەپـــۆز
دەبـــوژێنی بەرامەگەنـــی، قیـــــــژە و قـــاژە کـــــــرۆز

- **لە ساڵی** 2004 **نووسراوە**

# ئازادی بۆ کوردستان

من بۆتۆ دەستەمۆم
تۆ سرک بووی بۆم
میدی زوبان رەگەز
من، ئەمن، ئەز
بە گشتمان ئەڵێن کوردی
پێم ناڵی کێ عەقڵی بردی
دامان پێت پایە
بە بەر چاوت نایە
قایل بوین بە نان و ئاو
بە تۆمان بەخشی خوێنی خاو
دوژمن کیمیا پژێنی کردین
بە بیانوی ئەوە کە کوردین
سەر و ماڵ بە ئەنفال نوسی
لە دین و ، زەمیر، هیچان نەپرسی
دۆشکە، راجیمە، کاتیوشە
کردەوەی ڕابردووی ڕەشە
خاوەن ئەو هەموو بەش بەشە
کوردستان لە ئازادی بێ بەشە

---

# شکستە باڵ

مـــن کەتەیـــری شکســـت باڵــــــم
تەشـــەنە بـــرین لە دێـــرین ســـاڵم
لە بەینـــــی ئەم و ئەو بێـــــــزار
مـــردم وا بـــێ گـــووزەر و کـــار
بگـــــرە و هەرا و نـــاڵە، کوشـــتن
یەکتـــر تێهەڵـــدان بەبـــێ ناشـــتن
نە کـــوردایەتی و، نە بـــۆ ئـــایینە
ئەو بە ئەو دەڵـــــێ خائیـــــــنە
گێـــــل و نەزان ،ئەڵـــــێ ناچـــارم
چیـــبکەم لە شـــارم بێکـــــارم
خوێنـــــت ئەدەی هـــیچ و فیـــڕۆ
ڕوو وەرگێـــڕە بـــۆ خـــوا بـــڕۆ
خـــوا غەفـــوور، بەزەیـــی زۆرە
لە تـــۆ تـــــاوان فـــرە جـــۆرە
دەســـــت هەڵبـــڕە بەرەو خـــــوا
تـــۆبە بـــــکەو تـــــاوان تـــوا

- لە 1996/11/15 لە سەردەمی شەڕی برا کوژی هەرێمی کوردستان نووسراوە

---

# بێ ئاگایی

لەو شەقامی ژین بەر بەستە هەنگاو پڕ کۆت و بەندە
لەوەتەی من هەم بە دیدەو بیستەم سڕە کەمەندە
بە هزر، ئەندێشە، ئارەزوو و خەسڵەت یەک ڕەسەن تۆم
خۆ خۆرو نەشیاو، خۆپەسەند، ناهێڵێ بمێنێ شکۆم
بەد بەختە ئەو تەختە کە سەختە، بێ دیدە بگوزەرێ لە بەرزی و نزمی
نەدی و بدی قۆرخ دەکا، ناسەنگرێتەوە لە بەزمی و بەزمی
شڕوڤە بکە لەو جەستە پڕ هەستە، لە خودی خۆت بگرە بەرزی تۆش
بگەڕێوە لە ڕێگەی نابەلەد چواشە، بشیە ڕوکەشی هۆش
لەو گاف و ساتە گیان بەخشراوەپێت، ئەقڵ، نەفام، شێت
نەیفەرمووە دڕندە ئاکار بی، پێدراوەی تەواوە پێت
چەند دەیەو سەدەو هەزارە، ملیۆنان ساڵ بە ساڵ
بە نیگاو بیستن، بێ ویست و ئارەزوو، دەرەنجام بێلانە بێ ماڵ
من، تۆ، هەموو نەبوون و بوون گتشگیرە لەم کردە یەکین
بێ سوودە کۆشین جگە یەزدانە ویست، مەگەر کڕۆکی کردەیەکین
ئەو خاکە سەرچاوە هەڵگری تۆیە، نەبون و بوونت
بێ شەرم نەگوزەری بێ ئاگا، ببەخشە سۆزی باخی دەروونت
ڕەوڕەوەی مانمان لە ژیانمان، هەموو پەیوەستە گرێ بە گرێ
هەرچی بوو بە شوانم چەواشەم دەکا، کێ هەیە مافی خۆی پێ بدرێ
کێ هەیە با هەستێ، بە هەستی قەستی لە ڕەوا بڕوا
دەک ژێراوبن نزا ئاسا باپیرەی دووەم(نوح) ئەگەر وا بڕوا

- **لە ساڵی** 2011 **نووسراوە**

---

# بەخۆداچوون

هەر کۆشینە بۆ جیهان، بێ لە مەستی و بێ مەگەر
بیر و هزری بێ هوودە، بێ پەناهی مسۆگەر
بژیە لەو ساتە کورتە، بێ فێزو نەفس وەیا ڕیا
بێکاری مەکە ئاستی کردگارت، ئیبلیس ئاسا بێ چارە کریا
ئەو خاکە تۆی وەربەهێناو، نوێت ئەکاتەوە
جگە کردار، هونەرت چی یە؟ ئەتبا و ئەتخواتەوە
کێ هەیە جیا لە زاتی پاکی ئەو، ئەو هەموو گەڕیدە
سەراپا پڕاو پڕ بەینیان، ملکەچی یە و موریدە
شەرمە بۆ ئێمەی ئادەمی، بگرەو هەرا و ناڕەوا چەشتن
خۆویست خود ئارەزوو نامرۆڤ، نەشیاوی چشتن
فریاکەوە تۆبە و نزا بۆ ئەو ڕەزا، تا نەڕەوتی
بیکە دەستپێک لەو دوندە سامناکە سەرەنگون کەوتی
( لا الە الا اللە) بۆ ئەو دەرۆم و بۆ ئەویش هاتم
تامزرۆ و تێنوم ئارەزووم بە دەستی خودی خاتم
بشیە بۆ ئەفراندەی نەبوون، داهاتوو و سەردەم
بچڕە ناوی( اللە) هەردەم، هەردەم و هەردەم

- **لە ساڵی 2015 لە شاری هەولێر نووسراوە**

# فەرهەنگۆگ

| وشە | واتا |
|---|---|
| مەکۆ | شوێن- لانە- مەڵبەند- ناوەند |
| جوبار | جۆگە و ڕووبار |
| کـــــەوس | خواردن یان خواردنەوە |
| قۆپـەن | کۆمەڵ- کۆ- قان |
| خـــود | نەفسی خۆی – ذات |
| پەنهان | شاراوە – نهێنی |
| بێ شومار | بێ ئەژمار - بێ حیساب |
| شـــــون | شوێنەوار – أثار |
| میدی | نەژادی کوردی (ماد) |
| گار | فەرمان پێکردن- دەنگ هەڵبڕین |
| گرزە | لەسەریەککۆکراوە – خڕکردنەوە- گلبوونەوە |
| پودەر | باوک (وشەیەکی فارسیە) |
| کەسەر | زامی قوڵ – برینی سەخت |
| گـــــۆواو | ئەنگواو – شێواو – شێلدراو |
| فەلامەرز | ئازاو و چاپووک |
| کاتگێـــڕ | کاتژمێر |
| تەفرە | فریودان – هەڵخەڵەتاندن |
| یاساوغ | نایاسایی – قاچاغ- قەدەغە |

| | |
|---|---|
| **شڕوشیتاڵ** | کەلوپەل |
| **ئەنگڕاو** | مەستبوون - پڕبوون |
| **گورز** | پێکان |
| **هەڵوەدا** | ئاڵوودە |
| **گۆڕەمرازی** | مەبەست لێی(مردن)ە |
| **کڕ** | کپ – بێ دەنگ |
| **بوغز** | ڕق و قینە |
| **نەفر** | نەفرەت کردن |
| **پێخوست** | بەسەردا ڕۆیشتن- پانکردنەوە |
| **ئەنگواو** | شێواو – گۆواو |
| **سۆدرە** | هیلاکەت – ماندوبوون-  عیبرەت |
| **چەهرە** | ڕووخسار |
| **دەوار** | ڕەشماڵ |
| **مجێز** | ئارەزوو |
| **بێ ڕەتوش** | بێ جوانکاری – بێ جوانکردن |
| **کەمەندە** | بەندکراو- بەستراو |
| **ساتمە** | کەوتنی لەناکاو – ڕەتبردن |
| **پەنهان** | شاراوە – نهێنی |
| **گومڕایی** | تاوانکردن – تاوانبار |
| **ترتڕۆکە** | ڕیخۆڵە |
| **پازێن** | یاری پاز پازێن- بازدان |

| | |
|---|---|
| **بەرامەگەن** | بۆگەن |
| **کرۆز** | موشەکی (کرۆز) |
| **قەپۆک** | پووچەڵ – بەتاڵ |
| **شلاڵ** | لاڵ – بێ زمان |
| **سەنگەبار** | باری قورس |
| **بەدفەڕ** | بەدکار – خراپکار |
| **گاهێ** | ساتێ – کاتێک |
| **ڕیا** | خۆدەرخستن بە ناڕاست بۆ غەیری خودا |
| **دەدۆژی** | دادەمێنێ |
| **کڕنۆش** | سوجدەبردن |
| **ئاور** | ئاگــر |
| **مورغ** | باڵنــدە |
| **پەشت** | شێــواو |
| **داخوون** | لەخۆگرتن - بەخۆوەگرتن |
| **زووخاو** | خوێنــاو |
| **کێش** | سەنگێن - قورسایی |
| **دەسوێتەوە** | لووسدەبێتەوە |
| **دەنی** | کەسانی نەفس نزم |
| **ناسۆر** | برینی سەخت– ئێشی سەخت |


١٥/٣/١٩٨٣ - زاخۆ / پردی دەلال



